مارتن ڤان بروینەسن

لە ئینگلیزییەوە : **مینە**

# زانایانی ئایینی کورد و قوتابییە ئەندەنوسیەکانیان



**مارتن ڤان بروینەسن**

# زانایانی ئایینی کورد

## و

## قوتابییە ئەندەنوسیەکانیان

**مینە**

**لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە**



ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی ٢٠١٦

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان حەمەسەعید

ناوی کتێب: زانایانی ئایینی کورد و قوتابییە ئەندەنوسیەکانیان
ناوی نووسەر: مارتن ڤان بروینەسن
وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: مینە
دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
زنجیرە: (١٣)
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٦
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی ئاران

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١٠٠٩)ی ساڵی ٢٠١٦ پێدراوە

Tel: 0533202936 07502216705
email: sirwansaeed80@yahoo.com
facebook: Jamal Erfan's Library
www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی - کانیو مۆڵ - بەرامبەر مزگەوتی گەورە - نهۆمی چوارەم

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی

# پێرست


پێشەکی وەرگێڕ ........................................................................ 5

شوێنەواری کاریگەریی کوردی .................................................... 7

کوردەکان................................................................................... 17

وەك نێوەندکاری کولتووری.......................................................... 17

سەرۆکی زانایانی ئایینی مەدینە ................................................ 21

بنەماڵەی بەرزنجی ................................................................... 31

بۆچی ........................................................................................ 45

زۆر لە ئەندەنوسیەکان بانگدەکرێن کوردی؟ ............................ 45

دوو زانای پایەبەرزی کوردی نەقشبەندی: ................................. 51

بۆچی زانایانی ئایینی کورد........................................................ 57

ئەنجام........................................................................................ 65

بیبلۆگرافیا ................................................................................ 67

# پێشەکی وەرگێڕ

ئەم بابەتەش وەك هەموو کتێب و وتار و دەقە نووسراو و بڵاوکراوەکانی تری (مارتن ڤان بروینەسن) لە ماڵپەڕە تایبەتیەکەی خۆیدا چرای سەوزی بۆ داگیرساوە، هەر کەسێك گرنگی بە هەر بابەت و نوسینێکی بدات و بیەوێت لای خۆی بیپارێزێت، یان هەر کارێکی لەبارەوە بکات، دەتوانێت، بەڵام وەك رەوشتی بەرزی نووسەر و توێژەرەوە بەسەلیقە و بە ئەمەکەکان، دەبێ دەقی بابەتەکان نەشێوێنێت، یان کەم تا زۆر لە هەر نووسینێکی تردا بەکار هێنرا دەبێ خاوەندارییەکەی بپارێزرێت و بە ئەمانەتەوە نووسەرەکەی ئاماژە بکرێت.

لە راستیدا کاتێ ئەم وتارەم خوێندەوە، هەستمکرد ئەو سۆزە تایبەتییەی مارتن ڤان بروینەسن بەرامبەر میللەتی کورد هەیەتی، شایانی رێز و خۆشەویستیە و وشە بە وشەی بابەت و بۆچوونەکانی دەنرخێنرێ. چونکە بە دڵنیاییەوە بابەتە مێژووییەکانی مارتن لەبارەی هەر لایەنێکی میللەتی کوردەوە، تەواو لە ئەرکی سەرشان

زیاتری پێوەی ماندو بووە، بگرە لە زۆر بوار و لایەنەوە پێنوسی کورد کەم تا زۆر نەچۆتە گۆڕەپانی ئەوا پڕ ئەوەز و بە بڕشتەوە.

ئەوەندەی مارتن خۆشی دەناسم و لە دوورەوە دۆستایەتیەکمان هەیە، بۆیە بە شانازییەوە رێم بەخۆم دا، کە ئەم وتارە لە زمانی ئینگلیزیەوە وەربگێڕم، لەگەڵ ئەوەی تا رادەیەکیش هەوڵمداوە هەندێ زانیاری تریشی بخەمە سەر و لە چەند پەراوێزێکدا ئاوێتەی نووسینەکەی بکەم. بە هیوای ئەوەی جێی رەزامەندی ئەو و ئێوەی خوێنەری بەرێزیش بێت.

مینە/سلێمانی

2013/04/18

# شوێنەواری کاریگەریی کوردی
# لە ئەندەنوسیا

دەریای ئەرخەبیلی ئەندەنوسی، کە بریتیە لە کۆمەڵە دوورگەیەکی گەورە و زۆر دەوڵەمەند بە سەرچاوە سروشتیەکان لە جیهاندا، لە لایەن دەریاوان و بازرگانەکانەوە لە زۆر شوێنی جیهانەوە تا ڕێگەی هاتوچۆی ناو ئاو هەبووبێت سەردانی کراوە. شەپۆل لەسەر شەپۆلی کۆچەریان لەسەرزەمینی سەرەکیی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە دەگەیشتن، وەرزە بای (مۆنسوون)[1] چینیەکانی لە باکورەوە دەهێنا و هیندیەکان و عەرەبیش لە ڕۆژئاواوە و ژمارەیەکی کەمتریش لە خەڵکانی زۆر لە میللەتانی تر. بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە، ئەگەر لەناو ئیسلامی ئەندەنوسیادا شوێنەواری زۆر لە کولتووری ئیسلامی

[1] ئەم بایە هەر جارە و بەرەو لایەك هەڵدەکات. وەرزی بایەکی ناوچەی زەریای هیندی و خوارووی ئاسیایە. وەرگێڕ.

تر بدۆزرێتەوە. لەگەڵ ئەو زاراوە و دەربڕینانەی لە عەرەبییەوە وەرگیراون، هەروەها ئێمە ئەو زاراوە بەکارهاتوانە**شمان** دۆزیوەتەوە، کە لە **فارسی و سانسکریت و تامیل** و زمانە جیاوازەکانی تری هیندیەوە وەرگیراون. کاریگەرییەکی روون و ئاشکرای ئەندازیاریی بیناسازیی چینی بە هەندێ مزگەوت و جێنزرگە ئیسلامیەکانەوە دیارە، بیروباوەڕی سۆفیانەی هیندی لە سەردەمێکی دوورو درێژەوە دەرکەوتووە و بەتایبەتی لە میانەی سەدە و نیوێکی رابردوودا، ئەو عەرەبانەی لە حەزرەمەوتەوە هاتوون و بە بڕێکی زۆر لە ئەرخەبیلدا نیشتەجێ دەبوون، کاریگەرییەکی بەرفراوانیان هەبووە.

سەرەتا سەرسام بووم، کە کاریگەری بەرچاوی کوردیشم بۆ دەرکەوت، بەتایبەتی لەناو زووربەی توێژەکانی دانیشتوانانی ئایندارردا. شایانی باسە، بۆ نمونە، لە جاڤا- جاوا، کە دوورگەیەکی پڕ لە دانیشتوانی ئەرخەبیلە، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لێیە ناونراون **کوردی**. ئەم ناوە زۆر بڵاوە، بەتایبەتی لە ناوەندی بازنە ئیسلامیە توندڕەوەکاندا، کە هەندێ لە بێگانەکان هەستیان کردووە ئەوە ناوێکی رەسەن نییە. من هەرگیز رێکەوتی یەکێکم نەکردووە ناونرابێت تورکی، فارسی، یان هیندی، تا هاوتای هەموو ئەو (کوردی)یانە بێت- لەگەڵ ئەوەی

کەمێ میسری و مالیباریم بەرگوێ کەوتووە. من لە داوێنەوە دەگەڕێمەوە بۆ گرنگیپێدان لەبارەی ئەم ناوە کەسیانەوە.

هێمایەکی تری کاریگەریی کوردی، کە تەنانەت زیاتر نیشانی پێکاوە، لەبەرئەوەی زۆر بڵاوە لە ژیانی ئایینی جەماوەردا. بڵاوترین دەقێك لە سەرتاپای ئەرخەبیلدا دوای قورئان، کارێکە، کە ناسراوە بە **بەرزنجی**، ئەم دەقە مەولودنامەیە، کە تەنیا لە 12/ رەبیع الاول، رۆژی لەدایك بوونی پێغەمبەر (د) ناخوێندرێتەوە، بەڵکو لە زۆر بۆنەی تردا: لە ئاهەنگی سووڕی ژیاندا، وەك یەکەم موو بڕینی قژی مناڵی شیرەخۆرە، لە بارودۆخی ناهەمواردا، وەکو بەشێك لە تقوس، یان بە شێوەیەکی بەردەوام وەك دەربڕینێکی گشتی ڕێکوپێك لە خواپەرستی.

لەوانەیە یەك موسڵمانی ئەندەنوسی نەبێت کە بە لایەنی کەمەوە لە ژیانیدا چەند جارێك بەرزنجی- مەولودنامەی نەخوێندبێتەوە. سەیرە، هەرگیز لەوەبەر تێبینی ئەوە نەکراوە، کە ئەو بەرزەنجییە ناوی خێزانێکی زۆر بەتوانا و پڕ لە زانایان و شێخانی تەریقەتە لە باشووری کوردستان.

لە زۆر ناوچەی ئەرخەبیلدا وەکو (ئەچیە)، رۆژئاوای (سوماترا) و (بانتەن) ناسراون بەوەی زۆر بە توندی پەیوەندیان بە ئایینی ئیسلامەوە هەیە، مرۆڤ دەتوانێ پاشماوە و شوێنەواری رێبازێکی خواپەرستی بدۆزێتەوە، کە بە (دەبوس) ناسراوە. پیشەگەرانی ئەو خواپەرستیە جەستەی خۆیان دەدەنە بەر زرك و شمشێر و شتی تیژی تر بەبێ ئەوەی برینداریش ببن. لەم سەردەمەدا ئەوە بۆ جۆرێك لە گەمەی میللی گۆڕاوە، (دەبوس) لەو رێبازە سۆفیگەرییەوە وەرگیراوە کە بە (روفاعییە) ناسراوە و لە رۆژئاواشدا بە (هاواری دەروێشان). بەهەرحاڵ، لە باکوری (بانتەن) رێبازی دەبوس دیسانەوە پەیوەندی بە رێبازی قادرییەوە هەیە.[2] هەروەها قادریی هاوبەشی روفاعییە دەکات لە شێوەی زیکرکردن و هاوار و حاڵ لێهاتندا، شوێنکەوتووانیان وەك دەستورێك زرك لە خۆیان نادەن، یان خۆیان بریندار ناکەن. من تەنیا شوێنێکی تر دەزانم کە قادریی تێیدا سەرقاڵی ئەو راهێنان و مەشقکردنانەن، ئەوەش کوردستانە.[3]

---

[2] بڕوانە ڤان بروینەسن 1995، بەتایبەتی لاپەڕەکانی 9-187 و ڤێردنبرێگت 1973.

[3] زیکر و حاڵ لێهاتنی قادرییە کوردەکان و مەشقکردنەکانیان ، لە بروینەسن 1992، 216-22، 234-40، باسکراوە، لەبەرئەوەی ئەم چالاکیانە لای قادرییەکانی شوێنەکانی تر جیاوازە، پێشنیاری ئەوەم کرد کە ئەمە وەك کۆمەڵەی قادریی لەگەڵ

زووربەی شێخانی دەستەڵاتداری قادریی کوردستان، لە ڕاستیدا دەگەڕێنەوە سەر بنەماڵەی (سادات)ی بەرزنجی. بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێشەر، چاودێرێك تێبینی ئەوەی کردووە، کە لە کاتی جێبەجێکردنی دەبوسدا، بەرزنجی- مەولونامە خوێندراوەتەوە و گەواهی ئەوەش دەدات.[4]

دوا سەرسوڕمانی یەکەم ساڵم لە ئەندەنوسیادا کاتێ ڕوویدا، خەریکی گەڕان بووم بەدوای کتێبە ئیسلامیە کۆنەکاندا، کە لە بازاردا بۆ فرۆشتن دانرابوون. لە کتێبخانەی سەرەکی ئیسلامی لە (باندونگ)، لە ڕۆژئاوای جاڤا- جاوا، کۆمەڵەیەکی گەورە لە کتێبی (تنویر القولوب)ی (محەمەد ئەمین ئەلکوردی)م دۆزییەوە، کە بریتی بوو لە کورتەیەکی چڕوپڕی ڕێبازی نەقشبەندی و سەدەیەك لەوەبەر

---

ڕوفاعییەدا پێشکەشی بکەم، بە زنجیرەیەك کە عەبدلقادر گەیلانی و ئەحمەد ئەلروفاعی و لەگەڵ ئەوەشدا ئەحمەد ئەلبەدەویی و ئیبراهیم ئەلدەسوقی میسری لە (217) ڕوویداوە. هەمان ئەو چوار مشایەخەیەن، کە لە ڕوفاعییەدا ڕیزکراون، ئەوەی لە لایەن دەبوسەوە بەکارهێنراوە و لە بانتەن مەشقکراوە. (بروینەسن 1995، 185).

[4] مونتیل 1970، 121.

نوسراوە.[5] دواتر ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئەم کتێبە تەنیا لە لایەن نەقشیەکانی ئەندەنوسیاوە بەکار نایەت، بەڵکو هەروەها زۆر بە فراوانی وەك سەرچاوەیەکی (فیق) لە خوارووی (سولاوسی) بەکاردێت. محەمەد ئەمین زانایەکی ئایینی کورد بوو، کە بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا رۆڵی کاریگەری مەزنی لە ئەندەنوسیادا گێڕاوە. ئەوەشم بۆ دەرکەوتووە، کە بە لایەنی کەمەوە چەندین زانای ئایینی کوردی تریش هەبوون، کاریگەرییان لە ئەندەنوسیادا هەبووە. کەواتە کورد کاریگەری لەسەر ئیسلامی ئەندەنوسیا هەبووە، بەلایەنی کەمەوە لە ئاستی ئیسلامە ناودارەکانی تردا. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوە ناچێت کوردەکان لە سەردەمانی پێشودا سەردانی ئەرخەبیلیان کردبێت، تا ئەم دواییە، لەوەدەچێت، بەهەرحاڵ کە لە ناوەڕاستی سەدەی هەڤدەیەمەوە زانایانی ئایینی کورد رۆڵی گرنگیان لەناو موسڵمانانی ئەرخەبیلدا گێڕاوە.

زووربەی لێکۆڵینەوەکان لەبارەی بنەڕەتی ئیسلامەوە لە ئەندەنوسیادا ئەوە دەردەخەن، کە لە گریمانێکەوە سەری هەڵداوە، ئەوەش دەبێ لە یەك کات و تەنانەت لەگەڵ تاکە ئەکتەرێکی دەرکەوتودا روویدابێت.

---

[5] بڕوانە تێبینیەکانی ئەربەری لەسەر ئەم کارە لە سۆفیگەری خۆیدا: کاری کردووە لە سۆفییانی ئیسلام، 1950.

ئەم گریمانە پێچەوانەی هەموو ئەو بەڵگانەیە کە لەبەر دەستدایە: دەرکەوتنی ئیسلام لەوێدا کارێکی بەردەوام بووە و لە سەردەمانی جیاواز و شوێن و بەشی جیاوازی ئەرخەبیلدا و لەژێر کاریگەری کۆمەڵێکی گەورە لە بنەمای جیاوازدا سەری هەڵداوە.[6] میللەتە جیاوازە موسڵمانەکان بازرگانی و ئاڵوگۆڕیان لەگەڵ ئەندەنوسیا دەکرد- ئەوانەش بریتی بوون لە عەرەب و فارس و هیندیەکان، کە بە درێژایی کەناری دەریا و هەروەها شام و چین  هەر هەموویان کاریگەریی خۆیان جێهێشتووە، لە هەندێ بارودۆخدا زیاتر لە هەندێکی تریان بەردەوام بوون. بەڵام تەنیا ئەو میوانە بێگانانە نەبوون، کە هاوبەشییان لە موسڵمان بوونی ئەرخەبیلدا کردووە.

یەکەم هەنگاوەکانی کە کاریگەری تەواوی هەبوو لە چوون بەرەو ئیسلام، رۆڵێکی سەرەکی گێڕا لە بەردەوام بوونی پرۆسەی بە ئیسلام بووندا، ئەوەش لە لایەن ئەندەنوسیەکان خۆیانەوە بوو، بە تایبەتی ئەوانەی چوون بۆ مەکە و شارە پیرۆزەکانی تر، بۆ گەڕان بە دوای زانستی تەلیسماوی و تێگەیشتن لە ئیسلام، هەروەها لەگەڵ سەغڵەتی رێگاوبان و ماوەی دوورودرێژیشدا، ژمارەیەك لە

[6] ئەم پرۆسێسە گەلاڵەکراوە دڵنیاکەرە، بۆ بارودۆخی جاڤا، لە ریکلیفسدا 1979.

ئەندەنوسیەکان حەجیان کرد و زۆر جاریش چەند ساڵێك لە سعودیەدا بۆ خوێندن دەمانەوە.

(سەردانی ناوەندە بەهێزەکانی جادوگەرییان دەکرد، بۆ گەڕان بەدوای هێزی گیانیدا، **کاسەکتێن**، بەر لە دەرکەوتنی ئیسلام، لایەنێکی سەرەکی ژیانی ئایینی بووە، مەکەی موکورەمە لەم دواییانەدا دەرکەوت و دادەنرێت بە بەهێزترین ناوەندی هەموو ناوەندە گەردوونیەکان.)

لە سەدەی هەڤدەدا، لە قۆناغی یەکەمدا بوو، کە تا رادەیەك زانیارییەکی زۆرمان هەیە، بۆن و بەرامەی زۆر تایبەتی هیندی لەو سەردەمەدا بە ئیسلامی ئەندەنوسییەوە دیارە. بەزۆری کاریگەری رێبازی سۆفیەتی (شەتارییە)ی هیندی بڵاوە و باشترین دەقی عیرفانی ناودار، کە کورتە کارێکە لە لایەن (بورهانپووری)ی نوسەر و تا رادەیەك هاوچەرخی هیندییەوە نوسراوە و دەقە ئایینیەکانی تریش، کە لە ناوچەکەدا خوێندراوە، ئەوانەش لەو سەردەمەدا لە هینددا بڵاوبوون.[7] بەهەرحاڵ ئەو کاریگەرییە هیندیە راستەوخۆ لە نیمچە کیشوەرەوە نەگەیشتۆتە ئەرخەبیل، بەڵکو لە رێی مەکە و مەدینەوە

[7] بڕوانە برویننەسن، 1994.

هاتووە. ئەو مامۆستایانە بوون لە مەدینە، کە ئەندەنوسیە پێشینەکانیان لەسەر شەتارییە راهانی. کاریگەرترینی ئەو مامۆستایانەش کورد بوو، ئەویش (ئیبراهیم ئەلکورانی)ە.

(ئیبراهیم ئەلکورانی- ئەلگۆرانی) تاکە زانای ئایینی کورد نەبوو لە حیجازدا، کە قوتابیانی ئەندەنوسی هەبووە. ئاسیاییەکانی باشووری رۆژهەڵات کە لە سعودیە دەخوێنن زووربەی کات دەگەڕان بە دوای زانا ئایینیەکانی کورددا تا لەبەر دەستیاندا فێری زانیاری ئایینی بن. بەشێك لەمە لەوانەیە لەبەر ئەوەبێت کە ئەندەنوسیەکان بە لایەنی کەمەوە لە سەدەی هەڤدەدا، وەکو زووربەی کوردەکان لەسەر مەزهەبی شافیعی بوون. بەڵام ئەمەش ئاستەمە، کە ئەو تاکە هۆیە بێت بۆ بە پیرەوەچوونیان بەرەو مامۆستایانی کورد. لەوە دەچێت نزیکایەتیەکی گیانی لە نێوان ئەندەنوسیەکان و کوردەکاندا هەبێت. ئەویش لە گیانی ملکەچییاندا بۆ ئایین کە موسڵمانی ئەندەنوسی و کورد هاوشێوە دەبن یان زیاتر چوونیەکن.

# کوردەکان...

# وەك نێوەندكاری کولتووری

ڕووداوەکانی جیۆپۆلیتیکاڵ وای لە کوردەکان کردووە، کە ببێتە نێوەندکارێك لە نێوان سێ نەریتی کولتووری مەزنی ئیسلامیدا. کوردستان کەوتۆتە نێوان ناوەندی کولتووری فارس و عەرەب و تورکی عوسمانییەوە و تا ڕادەیەك جیاوازە لێیان. بۆ چەند سەدەیەك پیاوانی ئەدەبی کوردی لەگەڵ زمانی کوردی خۆیان (یان گۆران، یان زازا) شارەزاییان لە هەموو ئەو سێ زمانەشدا هەبووە. بەهۆی ئەم توانا زمانییەوە، زۆر جار بوونەتە نێوەندکار لەنێوان ئەم کولتوورە جیاوازانەدا. زۆریان لە بەشێك لە جیهانی ئیسلامیدا خوێندویانە و پاشان لە لایەکی تریدا بوونەتە مامۆستا و وانەیان وتۆتەوە.

تا سەدەی نۆزدەیەم، زمانی سەرەکی ئیسلامیی هیندی، فارسی بووە. بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە زانایانی ئایینی کورد لە شارە پیرۆزەکاندا ببینی زانستی ئایینی بڵێنەوە □ بەناو لە عەرەبیدا- کەمێ لەسەر شێوازی هیندی لە ئیسلامدا. بە ئاسانی دەچوونە ناو فارسیەوە- زمانی ئەدەبی نەریتی هیندی و ژمارەیەك لە زانایانی

ئایینی کورد، لە ڕاستیدا، پەیوەندیەکی زیاتر ڕاستەوخۆی بە نیمچە کیشوەرەوە هەبوو. لەوانەیە ئەوەی زیاتر سەرنج ڕاکێشەر بێت، مەولانا خالید بێت، کە لە داوێنەوە زیاتری لەبارەوە دەدوێین.

ناوچەك لە باشووری کوردستان، کە شارەزوورە، شایانی ئەوەیە هێمایەکی تایبەتی لەو بارەیەوە بۆ بکەین، لەبەرئەوەی زۆر لەو زانایانەی لێوە هاتووە، کە کاریگەرییان لەسەر ئەندەنوسیا هەبووە. شارەزوور ناوچەیەکە لە عێراق، کە بریتیە لە کەرکوك و سلێمانیی ئێستا، زووربەی زانایانی ئایینی لە پرسەکەدا دەچنەوە سەر کۆمەڵەیەکی لقێکی ڕەگەزیی کە لە هەرێمی گۆراندا دەژین.[8] گۆران زمانێکی ئێرانی جیاواز لە کوردی ڕاستەقینە دەدوێن و لەوانەیە بنەچە و ڕەگەزێکی جیاوازیان هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ماوەیەکی دوورودرێژە بە کورد دانراون و خۆشیان خۆیان بە کورد دادەنێن. کولتوورەکەیان لەگەڵ میتافیزیکی و شتە نادیارەکاندا بڵاوبۆتەوە و ڕێبازی لادەر لە ئایین (ئەهلی حەق) بۆ یەکەم جار لەناو گۆراندا سەری هەڵداوە، هەروەها زۆر ڕێبازی سۆفیگەری و باوەڕدارانی هەزارساڵەی گەڕانەوەی عیسا لە ناویاندا بە توندی

[8] لەبارەی گۆرانەوە، بڕوانە مینۆرسکی 1943 و بروینەسن 1992، لاپەڕە 109–115.

پشتگیری دەکرێت. توانا و هێزی پێشوازیان بۆ بیروباوەڕی ئایینی نوێ، هەندێك هاوشێوەی نیمچە کیشوەری هیندی و ئەندەنوسیایە. هەروەها، بەهەرحاڵ، نەریتێکی بەهێزی فێربوون بەپێی باوەڕی ئایینی باو لەنێو گۆرانەکاندا هەبوو.

ژمارەیەك زانای گۆران لە جیهاندا ناویان وەك نووسەر و دانەری کارە گرنگەکان بە زمانی عەرەبی دەرکرد، ناوەکانیان لە کتێبی- مێژووی ئەدەبی عەرەبیی- (Carl Brockelmann، 1956 - 1868 کارڵ برۆکلمان) ریزکراوە. وەك مامۆستایان کاریگەرییەکی زۆر ئاست مەزنیان هەبوو، مەزنترینی نێوانیان، ئیبراهیم ئەلگۆرانی و مەولانا خالید، کە زۆر بە قوڵی کاریگەرییان لەسەر تەواوی نەوەکان هەیە.

یەکێ لە زانایانی گۆرانی پێشین، کە بەم پیشەیەوە لەسەر ئاستی جیهان ناوداربوو بە (مەلا گۆرانی)، کە هەشتساڵی تەمەنی رابردووی وەك موفتی ئەستەنبوڵ کاری کردووە. ئەو لە شارەزوور لەدایك بووە و سەرەتای خوێندنی لای مامۆستایانی ناوخۆ وەرگرتووە. ئیدی لە بەغدا، دیاربەکر، حصن کێف، دیمەشق و قودس لە خوێندندا بەردەوام بووە، دواتر لە بارودۆخێکی زۆر هەژاریی ناهەمواردا دەگاتە قاهیرە، لەگەڵ ئەوانی تردا لەبەر دەستی پسپۆڕی

شافیعی مەزن (ابن حجر الهیتمی) خوێندویەتی. ناوبانگی لە قاهیرەوە وردە وردە بە جیهاندا بڵاوبووەوە. دوای ناکۆکیەك لە میسردا ئەو دوورخرایەوە بۆ سوریا، لەوێشەوە چوو بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانی، دیبلۆماسیانە لە شافیعیەوە چووە سەر مەزهەبی حەنەفی. بەهۆی ئەو ناوبانگەوە کە هەیبوو، هەر زوو توانی بگاتە سوڵتانی دوارِۆژ، محەمەد الفاتح، کە بێگومان لە کۆتاییدا یارمەتی ئەوەی داوە، تا بگاتە ئاستێکی پایەداری ئایینیی لە ئیمپراتۆریەکەدا.[9]

ئاشکرایە چەند (گۆران)ێکی تر بە ناونیشانی مامۆستایان رۆڵیان لە قاهیرە یان مەدینەدا گێڕاوە. من لەم وتارەدا تەنیا ئەوانەم باس کردووە، کە کاریگەریی گرنگیان لەسەر ئیسلام لە ئەندەنوسیادا هەبووە.

---

[9] ئەحمەد ئەتاس (مەلا گۆرانی)، ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی ج. ر. والّش، "گۆرانی شەرەف الدین..."، ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی، چاپی نوێ، هەروەها دووەم نووسەرەکەی تری تەمەنا دەکات مەلا گۆرانی لەم رۆژگارەدا لە تورکیا بێت، هەندێ هەوڵی بێکەڵك هەیە، کە دەڵێن لەوانەیە لە گوندی گۆران لە نزیکی دیاربەکر لەدایك بووبێت. لە هەموو لایەك و لەناو تیرە بچوکەکان و گوندەکانی کوردستاندا ناوێکی هاوشێوە نییە پەیوەندی هەبێت بە رەگەزی گروپی گۆرانەوە.

# سەرۆکی زانایانی ئایینی مەدینە

# مامۆستای پایەبەرز:

# ئیبراهیم حەسەن ئەلگۆرانی

(1618 -1690)

یەکێك لە نوسەرانی پێشوی موسڵمانانی ئەندەنوسیا کە زیاتر لە کورتەیەکی سادەوساکاری لەبارەوە دەزانین، خەڵکی (ئەچیەنێس)ە و ناوی (عبدالرئوف سەنکیلیە) و هەروەها بە (فانسووری) ناسراوە (1620- 1695).

عبدالرئوف کتێبێکی بە ناوی (تەفسیری جەلالەین)ەوە بە زمانی مەلاوی دەرکردووە و تا ئێستاش ئەو کتێبە لە هەندێ بەشی ئەرخەبیلدا دەخوێنرێت. هەروەها لەبارەی فیقەوە کارێکی سادەتری کردووە، کە ئێستا لەبیرچۆتەوە، بەڵام بەو مامۆستایە دەناسرێت کە

یەکەم کەس بوو ڕێبازی سۆفی شەتارییەی بە ئەندەنوسیەکان ئاشنا کرد. عبدالرئوف نۆزدە ساڵێکی لە مەکە و مەدینەدا بەسەربردووە و کارەکەی (عومدەت ئەلموحتاجین) کورتە نیگایەك لەبارەی شێوازی ژیان لە شارە پیرۆزەکاندا، ناوی ئەو مامۆستایانەی تێدا بەیان کراوە کە وانەی لە خزمەتیاندا خوێندووە، هەروەها ڕێبازی سۆفیەتی باس کردووە، ئەوانەی ئەو خۆی پێڕاهانیوە.[10] ڕێبازی شەتارییەی یەکەم جار لای رابەری ڕێبازەکە ئەحمەد القوشاشی فەلەستینی لە مەدینە خوێندووە و لەبەر دەستی خەلیفەکەیدا ئیبراهیم ئەلگۆرانی بەردەوام بووە. بە تایبەتی لەگەڵ ئەمەی دواییدا مۆڵەتی فێرکردنی ڕێبازەکەی وەرگرت، عبدالرئوف پەیوەندیەکی توندی لەگەڵدا هەبوو.[11]

عبدالرئوف تاکە قوتابی ئەندەنوسی ئەلگۆرانی نەبووە، بەڵکو قوتابیەکی تری هەبووە، کە هاو قۆناغی عبدالرئوفە و زیاتر لە ئەندەنوسیادا ناودارتر بووە و ئەوەش (یوسف موقەسیر)ە، یوسف کاتێکی دوورودرێژتری لە سعودیەدا بەسەربردووە، هەروەها لە ئەندەنوسیادا بە بڵاوکەرەوەی خەڵوەتیی ناسراوە و وەك موجاهیدێ

---

[10] رینکس 1909.

[11] جۆنس 1978، بگەڕێرەوە بۆ هەمان نووسەر لە وتارەکانی رۆژنامەی "کۆرانی" و "کوشاشی" لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامیدا.

دژی کۆمپانیای هۆڵەندی ڕۆژهەڵاتی هیندی. لە کتێبی (سەفینەت ئەلنەجات)دا دابونەریتی ڕێبازی سۆفیگەری بەیان دەکات، کە تێیدا دەستی پێکردووە، لەگەڵ ئەوەی لە شەتارییەدا هەیە، بۆ ئەوەش هەروەها مۆڵەتی لە ئیبراهیم ئەلگۆرانی وەرگرتووە.[12]

لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەند یوسف لەوێدا باسی ناکات، کە وانە وتنەوەی ئەلگۆرانی لە زیکر چووبێت بەولاوە و ڕێڕەوەکانی ڕێبازی تەسەوف و قوڵبوونەوە لە وردەکاریەکانی تری و هەروەها لە لایەنە زیاتر زانستیەکانی تەسەوفدا.

ئێمە دەزانین، کە بە سەرپەرشتی ئیبراهیم ئەلگۆرانی، یوسف دەقێکی گرانی بەناوی (الدرره الفاخره)وە خوێندووە، کە لەلایەن (عبدالرحمن جامی)ەوە نوسراوە، کە بەراوردی بۆچوون و دیدی فەیلەسوفان، زانایانی ئایینی و سۆفیگەری لەبارەی پرسیاری بوونی

---

[12] شەتارییەکەی یوسف بابی زنجیرە لە ئەبو حامید، 1994، لاپەڕە 3-362. زیاتر باسکراوە. لەوە دەچێ تەنیا یەك کۆپی لە دەستخەتی (سفینە النجاح)ی یوسف رزگاری بووبێت، لە کۆی حەوت لێکۆڵینەوەی پێش ئەو دەستخەتە، کە لە حاڵەتێکی= =زۆر خراپدایە و لەوەدەچێ تیاچووبێت، بەڵام پێش ئەوە کۆپیەکی لەژێر چاودێری پرۆفیسۆر (تودجیما)ی جاکارتادا کراوە. مایکرۆفلمی ئەم دەقە لە نوسینگەی پەیمانگای مەلەکی بۆ ئەنسرۆپۆلۆجیا و زانستی زمان (کیتلف) لە لیدن پارێزراوە.

خوا، یەکتایی، زانیاریی ئەو، هتد. دوو کۆپی لەو کارە بە دەستی یوسف رۆشنایی بینیوە. دووەمیان بە فەرمانی ئیبراهیم کۆپی کراوە و لەلایەن خودی بەرێزییەوە پەراوێزی بۆ دانراوە.[13] لەوەدەچێت یوسف ماوەیەکی دوورودرێژ ئەم کارەی خوێندبێت. نیشانەکانی ئەوە هەیە، کە ئیبراهیم ئەلگۆرانی جگە لەو دووانە، قوتابیی ئەندەنوسی زۆرتری هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە بە ناو کەسیان ناناسین. (جۆنس) وای بۆ دەچێت، کە ئەو قوتابیانە زۆرتربن و ئیبراهیم توانایەکی زۆری بۆ رابەرییان بەسەربردووە، بەڵام بەڵگەی سەلماندنی ئەو بۆچوونە تەنیا لاوەکییە. بەلایەنی کەمەوە دووان لەوانەی باسی نووسینە زۆرەکانی ئیبراهیم ئەلگۆرانی دەکەن، "(بروکلمان) چل ناونیشان ریزدەکات، (جۆنس) باس لە سەد ناونیشان دەکات" کە بەتایبەتی بۆ هاوولاتیانی ئەندەنوسیا نوسراوە.

یەکێ لەوانە لە ساڵی 1675دا ئامادەکراوە، ئەویش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لەلایەن ژمارەیەك لە ئەندەنوسیەکانەوە دەکرا و مامەڵەی لەگەڵ ئەو ناکۆکیەی لە (ئاچیە) بۆ ماوەی چوار دەیەی (چل ساڵی) پێشو بەرپابوو. (نورالدین رانیری) کە یەکێك بوو لە زانا دیارەکان لە (ئاچیە)دا، وەك کافر فەرمانی سزادانی درا بەرامبەر

---

[13] هیر 1979، لاپەڕە، 13،15.

(وحدة الوجود)، کە شوێنکەوتووانی شەمسەدینی سۆفی بڕوایان پێیبوو، لە ئەنجامی ئەوەدا سۆفیەك بە دارەوە کرا و سوتێنرا. لە فتواکەیدا ئەلگۆرانی بەرپەرچی بۆچوونەکانی رانیری دایەوە و شیکردنەوەی بەپێی ئایینی باو بۆ (وحدة الوجود)کردەوە.[14] لە فەرهەنگی ژیاننامەیی مورادیدا، تێبینیەکی کورت لەبارەی ئیبراهیم ئەلگۆرانیەوە هەیە، کە تایبەتە بە فەتوایەکی تری ئەوەوە، یان راستر بە کۆمەڵە فەتوایەکەوە، کە لەسەر داوای خەڵکی (جاوا-جاڤا)، یان بە واتایەکی تر (ئەرخەبیلی مەلاوی). کۆپی ئەو کارە رۆشنایی نەبینیوە.[15]

دەقێکی تر، کە ئەلگۆرانی بەشێوەیەکی روون لە جیاتی موسڵمانەکانی ئەندەنوسیا نووسیویەتی، (اتحاف الذكي) بریتیە لە روونکردنەوەیەك لەبارەی (التحفة المرسلة الى روح النبى)ی (محەمەد بن فەزڵلە بورهانپووری).

---

[14] تێبینیەکانی ئەلگۆرانی لە (ڤوورهۆیڤە)دا کورتکراوەتەوە، 1951، ل 8-365.

[15] مورادی 1883/1301، بەرگی یەکەم،5-6. ئەم ناونیشانە بۆ کاری ئیبراهیم لە پرسی (جوابات الغوراويه عن مسائل الجاويه الجهاريه ) کە زۆر روون نییە. رینکس =دوا وشەی لە مەملەکەی مەلاویەوە لە وشەی جوهورەوە وەرگێڕاوە، کە بە ئاسایی دەبێ بنووسرێ (جەوهەرییە)، بەهەرحاڵ.

ئەم روونکردنەوە ساکارەی بیردۆزی (دانەوە)ی (ابن العربی) لە 1590دا نوسراوە، تا چەند دەیەیەك لە ئەرخەبیلدا زۆر بڵاودەبێتەوە، لە سەرەتادا بە عەرەبی، بەڵام هەروەها بە زوویی لە مەلاوی و لەناو جاوەییشدا راهێنرا.[17] لەکاتێکدا (ابن العربی)، دانەوە بە پێنج قۆناغ لەبەرچاو دەگرێت، کەچی موریدە هیندیەکان بڕیاریان لەسەر حەوت قۆناغ داوە و وەك مەزهەب حەوت قۆناغی رێنمایی بوون بە ناونیشانی (مرتبە توجوە)، کە بیردۆزی دانەوە لەو کاتەوە لە ئەندەنوسیادا زانراوە. تێبینیەکانی ئیبراهیم دادەنران بە راستکەرەوەی فیقی لە گومڕایان لە مەسەلەی یەکەی بوون و شەریعەتدا، بەرپەرچی روونکردنەوەکانی بوورهانپووری لەوبارەیەوە دایەوە، کە لە ئەرخەبیلدا بڵاوبووبووەوە.[18] ئەگەرچی لەسەر داخوازی قوتابیانی ئەندەنوسی نوسراوە. (اتحاف الذكی) خوێنەری لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا هەبووە و بۆ نمونە، هەروەها لە دەقێکی سۆفی رۆژئاوای ئەفریقاوە وەرگێراوە.[19] ئیبراهیم گۆرانی لەو کاتەدا لە بواری مەزهەبەکانی (ابن العربی)دا لە مەدینەی منەوەرە

---

[16] بەرگە جاوابییەکەی لە 1965دا بالە جۆنز بابەتێکی خوێندن بوو)

[17] رینکس 1909، ل 7- 56، جۆنس 1978، ل 82- 476.

[18] رادتکە 1995، ل 90.

نوێنەرێکی رابەر بووە و لەوانەشە لەناو تەواوی موسڵمانی جیهاندا. کاتێ ناکۆکییە مەترسیدارەکان لە هیند بەرپابوو، لەبەرئەوەی (ئەحمەد سەرهەندی) یان (ئەحمەدی فاروقی حەنەفی سەرهەندی ناسراو بە ئیمامی رەببانی، 971- 1034 کۆچی - وەرگێڕ ) هەندێ بیرو بۆچوونی (ابن العربی) دایە دواوە، زانا ئایینیە رابەرەکانی هیند، لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە داوای (فتوا)یان لە ئیبراهیم گۆرانی کرد. **فریدمان و ریزڤی** بەدرێژی لەو بارەیەوە دەدوێن.[19] توێژینەوەکانی (ڤۆڵ) لەبارەی نەوەیەکی دواتر لە زانایانی ئایینی رۆڵێکی چڕوپڕ لە ژیانی بیریی بۆ قۆناغی کارکردنی ئیبراهیم دادەنێت و هەروەها وەك مامۆستایەکی پایەدار و پێشڕەو لە جولاًنەوە چاکسازیەکانی سەدەی هەژدەیەمدا پێشکەشی دەکات.[20] ئیبراهیم نمونەیەکی ناوەندی کولتووری کوردیە، کە رۆڵ و کاریگەریی لە قۆناغی پێشودا دوای دەرچوونی لە شارەزووری شوێنزێدی و پێش نیشتەجێبوونی لە مەدینە، لە ئێران و ئەنادۆڵی عوسمانی و سوریا و میسر بووە. ژیاننامەی بیریی ئەو (الامام لا یقاظ الهمم) [21]

---

[19] فریدمان 1971، ل 9-98، رایزڤی 1983، ل 42-338.

[20] ڤۆڵ 1975

[21] لە حەیدەرئاباد، لە هیندستان لە 1910دا لە چاپ دراوە.

مامۆستایانی هەمەجۆری بەیانکردووە، کە پێکەوە خوێندویانە و کۆمەڵێکی فراوانیشی لەو بابەتانە پێشانداوە، کە خۆی تێیدا قوڵبۆتەوە. دەستی پێکردووە و ئیدی ڕێی پێدرا و تا لە پاڵ شەتارییەشدا ژمارەیەك ڕێبازی تریش بڵێتەوە. ڕێبازی سەرەکی ئەو لە ڕاستیدا نەقشبەندی بووە و هەروەها دەستەڵاتی مۆڵەتی ڕێازەکانی قادرییە و چیشتییەی هەبووە. شەتارییە و چیشتییە بە شێوەیەکی گشتی دوو ڕێبازی هیندی بوون، پەیوەندی ئیبراهیم بە نەقشبەندییەوە لە میانەی (قەشاشی)ەوە بوو، کە لە شەتارییەشدا مامۆستای بووە، هەروەها دوای لقێکی هیندی کەوتووە لەو ڕێڕەوەشدا. کاتێ لە ساڵی 1661دا (قەشاشی) کۆچی دوایی کرد، ئیبراهیم بە ناونیشانی شێخی پایەداری شەتارییە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لە پێکهاتەی لەگەڵ نەقشبەندی و قادرییەدا و هەروەها بوو بە ڕیش سپی زانایانی ئایینی مەدینە. دوای کۆچی دوایی ئیبراهیم لە 1690دا محەمەد ئەبو تاهیری کوڕی، کە ئەو کاتە تەمەنی 20 ساڵ بوو، بە ناونیشانی شێخی تەریقە دانرا، ئێمە ئەبو تاهیرمان لە زۆر شوێندا بینیووە، کە وەك مامۆستای ژمارەیەك لە ئەندەنوسیەکان ئاماژەی بۆ کراوە.[22] شوێنی ڕابەریکردن لە نێوانی

[22] بڕوانە بڕوونسن 1990،لاپەڕە 60-159.

زانایانی ئایینی مەدینەدا، بە هەرحاڵ، کەوتە دەست قوتابیەکی ئیبراهیم بە ناوی (**محەمەد بن ئەلڕەسول ئەل بەرزنجی**، موفتی شافیعیەکانی مەدینە). ئەو قوتابیە وەك ئیبراهیم خۆی لە شارەزوورەوە هاتووە و دەچێتەوە سەر بنەماڵەیەك کە ناوبانگێکی مەزنیان بەدەست هێناوە.

# بنەماڵەی بەرزنجی

# لە شارەزوور و مەدینە

لە سەدەکانی نۆزدەیەم و بیستەمدا، بنەماڵەی بەرزنجی یەکێك بووە لە ناودارترین بنەماڵە لە کوردستانی باشووریدا و بنەماڵەی زانایانی ئایینی و شێخانی ڕێبازی قادریی کە دەستەڵاتێکی سیاسی فراوانیان هەبووە.[سمیر] لە 1920دا شێخ مەحمودی بەرزنجی دژی بریتانیا یاخی بووە و هەروەها لە ساڵانی دواتردا بەیانی مەلیکی خۆی لە کوردستان ڕاگەیاند، ئیدی بنەماڵەکە ڕۆڵێکی گرنگیان لە ژیانی سیاسیی عێراقدا گێڕاوە. لەم دواییەدا لە جەنگی نێوان ئێران و عێراقدا، یەکێکمان لەم بنەماڵەیە دۆزییەوە، بەناوی شێخ محەمەد نەجیب بەرزنجی، سەرکردایەتی کۆمەڵێکی بچوکی دەکرد، کە ئێران لە دژی حوکومەتی عێراق پێکیهێنابوون. لە میانەی ئەو ساڵانەدا،

---

[23] زۆر لە گەشتیاران و میژوونوسان ناوی ئەم بنەماڵەیەیان هێناوە، سەرچاوە سەرەکیەکانی ئەدمۆنس 1957، ل..

ئەندامێکی تری ئەو بنەماڵەیە، جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی، لە ئاستێکی بەرزدا بوو لە حوکومەتی عێراقدا وەك سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان. لەم راستیانەوە ئەوە دەردەکەوێت کە لە دیدی هەردوو حوکومەتی ئێرانی و عێراقیەوە پێویستیان بە کاریزمای ئەو بنەماڵەیە هەیە، ئەگەر ویستیان دەستەڵاتی خۆیان لەنێوان کوردەکاندا پیادەکەن. تەنانەت کۆمینستەکانی عێراق، لە کۆتایی 1950دا ئەندامێکی نوێی لە شێخەکانی بەرزنجی لە ریزەکانی خۆیدا رێکخستووە، ئەویش (شێخ لەتیف)ی کوڕی شێخ مەحمودە.[شمیر] بنەماڵەی بەرزنجی بنەچەی خۆیان لە میانەی ئیمام موسای کازمەوە دەبەنەوە سەر پێغەمبەر و

---

[24] لە سەردەمانێکدا شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی حەفید لە گوندی سیتەك، کە شێخە دێیە و یەکێکە لە گوندەکانی بنەماڵەی شێخان، شوێن و رێیەکی باشی هەبووە. ئەو کاتە لەبەر ئەوەی کەمێ هەواداری کۆمینیستەکان بووە، جار جارە ئەندامان و لایەنگیرانی پارتی کۆمینیست ناچار دەبوون هەڵبێن، تا دەستەڵاتدارانی ئەوسای دەوڵەت نەیانگرن و دووچاری ئازار و ئەشکەنجەیان بکەن. ئیدی بە ناچاری پەنایان دەبردە بەر شێخ لەتیف و ئەویش وەك بیستراوە دەستی نەناوە بە رووی کەسەوە و یارمەتی زۆریانی داوە. هەرچەند دەڵێن نمەکی سوێر بووە و هەندێك کەس لەوانەشە لە پاداشتی ئەو پیاوەتیەشدا نامەردی بەرامبەر کردبێت. پێدەچێت هەر ئەوەبێت کە نووسەری ئەم وتارە وەك ئەندامێکی پارتی کۆمینیست هێمای بۆ دەکات. ئەگینا کەم تا زۆر بەڵگەیەکی سەلمێنراوی ئەوتۆ نییە کە راستی ئەو بۆچوونە بسەلمێنێت. لەو کەسانەش کە بە پەنابەری چوونەتە دیوەخانەکەی شێخ لەتیف زۆرن و یەکێکیان کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە (خدر شوکەت) بووە، زۆری تریش هێشتا لە ژیاندان و ئاگاداری ئەوەن. وەرگێڕ.

ناوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ گوندی بەرزەنجە لە شارەزوور (نزیك بە شاری سلێمانی ئێستا)، لەو بڕوایەدان سەید عیسای باوکی دامەزرێنەری بنەماڵەکە، لە ناوەڕاستی سەدەی سیانزەیەمدا لەوێدا جێگیربووە. ئەدمۆنز و تەوەکولی، پشت بەست بە داب و نەریتی تایبەتی نوسراو و زارەکی، هەردووکیان وێنەی مێژوویی بنەماڵەکە دەردەخەن، ئەوەش شایانی گرنگیە، کە تێبینی ئەوە بکەین، دامەزرێنەری ئایینی ئەهلی حەق، دیسانەوە ئەویش کوڕی هەمان سەید عیسایە.[25] ئەدمۆنز ئەوە پێشان دەدات، کە هەموو ئەو بەرزەنجیانەی لەم سەردەمەدا لە عێراق، تورکیا، سوریا، سعودیە و هیند دەژین، بەرەی یەك (بابە رەسول)ن، ئەوەی بەپێی درەختی بنەماڵەکە سەر بە نەوەی حەوتەمە، دوای سەید عیسایە و لەوەدەچێ لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا ژیابێت. ئەم بابە رەسولە هەژدە کوڕی هەبووە، یەکێکیان (محەمەد مەدەنی) بووە و لە مەدینەدا نیشتەجێ بووە و بۆتە باپیرەی هەموو بەرزەنجیی سعودیە و هیند. ئەم (محەمەد مەدەنی)یە بێگومان هەمان محەمەد بن عبدالرسول بەرزنجیەیە، کە ئێمە وەك هاوەڵی ئیبراهیم گۆرانی دامان ناوە.

[25] ئەدمۆنس 1957، ل. 68، تەوەکولی 1980، ل. 4-133.

(محمد بن عبدالرسول) لە رووی ئەکادیمیەوە هاوشێوەی بیر و بۆچوونە زانستیەکانی ئیبراهیم ئەلگۆرانیە، سەرەتای فێربوونی لای باوکی و زانایانی ئایینی شارەزوورەوە چنگ کەوتووە و ئیدی بەردەوام بووە لای مامۆستایان لە هەمەدان- ئێران، بەغدا، ماردین، دیمەشق، ئەستەنبوڵ، قاهیرە و مەکە و پاشان لەگەڵ ئەحمەد قەشاشی و ئیبراهیم گۆرانیش لە مەدینەی منەوەرە. هەروەها شارەزا بوو لە زانستی میتافیزیکای (ابن العربی) لە جدە و کتێبێکی لەبارەی (ابن العربی)ەوە لە فارسیەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە، کە یەکێ لە خزمەکانی (سەید محەمەد موزەفەر بەرزەنجی) نووسیبووی.[26]

کاتێ زانایانی هیند داوای فەتوایان لە ئیبراهیم گۆرانی کرد لەبارەی بیرە دژەکانی ئەحمەد سەرهەندی (مجددی هەزارەی دووەم)، کە دژێکی سەرەکی میتافیزیکای (ابن العربی) بوو، ئەوەش محەمەد بەرزنجی بوو، کە لەسەر داوای ئیبراهیم دوو لێکۆڵینەوەی نووسی و تێیدا بە

---

[26] ناونیشانی ئەم کارە وەرگێڕانە بریتیە لە (الجانب الغربی فی حل موشكلات ابن العربی). بۆ بەدەستهێنانی درێژە لەبارەی محەمەد عالمەوە لەگەڵ ناو و نازناوی مامۆستایانی و ناونیشانی کارەکانی، بڕوانە مورادی (حریر الدرر) بەرگی چوارەم، ل. 6-65 و مودەڕیس 1983، ل. 5-493.

توندی هێرشی کردۆتە سەر سەرهەندی و دواتر لە لایەن زانایانی پایەدارترەوە لە حیجاز پەسەندکرا.[27]

ئەوەی کە ناوی بنەماڵەی بەرزنجی لە ئەندەنوسیادا پایەدارکردووە (جعفر بن حسن بن عبدالکەریم بن محمد)ی کوڕەزازای محەمەدە 1690-1764، کە لە مەدینەی منەوەرە لەدایك بووە و هەموو ژیانی لەوێ بەسەربردووە.[28] ژمارەیەك کاری لەبارەی خواپەرستیەوە نووسیوە، کە تا رادەیەك لەو سەردەمەدا لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا ناوداربووە و تا ئەمڕۆش لە ئەندەنوسیادا ماوە. کارەکە ئەمڕۆ بە ناونیشانی (عقد الجواهر) بە مەولودنامەی بەرزنجی دەناسرێ. ئەو دەقەیە، کە تا رادەیەکی زۆر لەناو هەموو دەقەکانی تری مەولودنامەدا ناودارەترە و دوای قورئان، بەرزنجی لە هەموو دەقە ئیسلامیەکانی تر لە بۆنەیەکی زۆردا و بۆ کۆمەڵە مەبەستێکی جۆراوجۆر دێت، لەگەڵ یادی ساڵانەی ئاهەنگی لەدایك بوونی پێغەمبەر (د)، لە بۆنەی یەکەم مووبڕنی منداڵی کۆرپە (عقیقە) و

---

[27] فریدمان 1971، ل 7-8، 97-101، رایزڤی 1983، ل 41-339.

[28] تێبینیەکانی ژیاننامە لە مورادیدا، الحریر الدرره، بەرگی دووەم، ل. 9، المدریس 1983، ل. 136، برۆکلمان لە مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا، باندی دوو، ل.384 و تەواوکەرەکانی، باندی دووەم، ل. 8-517.

بۆ جنۆکە دوورخستنەوە و مەبەستی پابوونەوە لە تاوان، هەوەها لە زۆر شوێندا هەفتانە بەرزنجی دەخوێنرێتەوە، کە خەڵکی دەوروبەری ناوخۆ پێکەوە کۆدەکاتەوە. ئێستاش ئەو مەولودنامەیە چاپ دەکرێتەوە و لە بازاڕدا چاپی جۆراو جۆری هەیە و زۆر لە زانایانی ئایینی ئەندەنوسی تێبینی تایبەتی خۆیان لەبارەی دەقەکەوە نووسیوە، یان بۆ زمانەکانی ناوخۆیان وەرگێڕاوە.[29] کارەکانی تری محەمەد بەرزنجی، ئەوەیان کە برەوێکی زۆری لە ئەندەنوسیادا هەیە و تایبەتە بە ژیاننامەی شێخ عەبدولقادرەوە، (لوجین الدانی فی مناقب عبدالقادر الجیلانی)، ئەو کارە گەیشتۆتە ئەوپەڕی گۆشە و کەنارە دوورەکانی ئەرخەبیل.[30] خوێندنی (مناقب- ستایشنامە) بۆ مەبەستی خۆپاراستن، یان بۆ پابوونەوە لە تاوان، یان بە سادە و

---

[29] ئەم کارانە، لە جاڤا و ئەندەنوسیا، لە پاشکۆدا ریزکراوە، لە بڵاوکراوەیەکی پێشوی ئەندەنوسیەوە لەم وتارەدا، لە ڤان بروینەسن، 1995، ل.111.

[30] دوو کاری تر لە لایەن بەرزەنجیەوە ناسراوە، بەڵام هەرگیز ئەو برەوەی نەبووە: (قصە المعراج) گێڕانەوەی گەشتەکەی پێغەمبەر بەشەو و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان، =هەروەها (مناقب سید الشهداء حمزە) ژیاننامەی قدیس کە لە 1225/624 شەهیدکرا، هەروەها ئەوانەی نابێ ناوەکانیان تێکەڵ بکرێ لەگەڵ ناوی مامی پێغەمبەردا (د)، زۆر جار لە لایەن زانایانی ئەندەنوسیەوە هێما بۆ ئەم کارانە کراوە. بەڵام لەوەناچێ لە سەردەمانی پێشودا بەرچاو بووبن.

ساکاری کارێکە لە کارەکانی خواپەرستی و کەرامات، ماوەیەکی دوورودرێژە زۆر بە بڵاوی لەسەر ئاستێکی فراوان لە ئەندەنوسیادا پەیڕەوی لێدەکرێ. لە بیرەوەری رۆژی پیرۆزی مەرگدا، لە 11/مانگی رەبیعی دووەم، ئەو دەمە و تا ئێستاش ئاهەنگ لە زۆر شوێن دەگێڕن لەگەڵ خوێندنەوەی (مناقب- ستایشنامە)، لە زۆر شوێنی (جاوا- جاڤا) ئەمە لە 11/ی هەموو مانگەکانی تر دەکرێت. چاپێکی زۆری ئەم ژیاننامەیە بە فراوانی لە ئەندەنوسیادا بڵاوبۆتەوە، بە زمانی عەرەبی رەوان و جاوی و سوندانی و گونجاندنەکانی ئەندەنوسی.

پێش نیو سەدە، (دروز و پۆیرباتجەرەکان) لێکۆڵینەوەیەکیان لەبارەی (مناقب)ی (جاوا)وە بڵاوکردەوە، کە پشتی بەستبوو بە (خلاصة مفاخیر)ەکەی (یافیعی).[31] لەگەڵ ئەوەشدا، تا رادەیەك هەموو (مناقب)ی شێخ عبدالقادر بەم شێوەیەی ئێستا کە بەکاردێ لەوەدەچێ پشتی بەستبێت بە (لوجین ئەلدانی)ەکەی بەرزنجی.[32]

---

[31] بڕوانە دروز و پۆیرباتجارەکە 1938.

[32] ئەم بڵاوکراوە جیاوازانە و تێنینیەکان لەبارەی لوجینەوە لەلایەن نووسەرە ئەندەنوسیەکانەوە لای ڤان بروینەسن 1995 ریزکراوە، ل. 111. تەنیا دوو بەرگی چاپکراوم دۆزیوەتەوە، کە پشت دەبەستێ بە الیافعی و دووانی تر بە سوندیە و

لەم رۆژگارانەدا بەتایبەتی و بەڵام زۆر بە تەواوی نا، لەنێوان شوێنکەوتوانی رێبازی قادری- یان بە واتایەکی وردتر- لە رێبازی قادریی و نەقشبەندیدا تێکەڵەیەکی تەواو لە رێبازەکەی ئەندەنوسیا هەیە، کە (مناقب- ستایشنامە) بە شێوەیەکی رێکوپێك دەخوێنرێت. لە بڵاوکراوە پڕ برەو و باوەڕپێکراوەکانی (مناقب) ئەو کۆپییە کە لەلایەن (کیای حاجی موسڵیح عەبدولڕەحمان)ی مرانگجین لە ناوەندی جاوا ئامادەکراوە، ناوبراو لە سەروەختی مەرگیدا لە 1981دا ناودارترین مامۆستای ئەو رێبازە بوو. دوو بەرگەکەی لە (النور البورهانی فی ترجمه اللجین الدانی) ئەوە لەخۆی دەگرێت، لەگەڵ دەقێکی تەواوی (مناقب) و پەیڕەویەکانی رێبازەکە، کە هێما بۆ ئەو پەیوەندیە بەتینەی نێوان ئەم دەقە لەگەڵ رێبازەکەدا دەکات. لە سەردەمانی پێشودا و لەگەڵ ئەوەشدا (مناقب) لەوەدەچێ لە بازنەیەکی فراوانتردا خوێنرابێتەوە، ئەوەش لەبەراوردا لەگەڵ ئەوەی تەنیا سەر بە قادریەیە. هەروەها بەر لەوەی ئەم رێبازە بگاتە ئەم

---

ئەندەنوسیە، کە پشت دەبەستێ بە مناقبی سێیەم، (تفریح الخاطر.) لە لایەکی ترەوە ناوی کارەکە بەناوی کوردێکی ترەوە نوسراوە، (عبدالقادر بن محی الدین الاربیلی) یان راستر لەلایەن ئەوەوە وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی لە فارسیە بنەڕەتیەکەیەوە لە لایەن (صادق محەمەد القادری) ناوێکەوە کراوە. (بڕوانە مودەریس 1983، ل.305.)

ئاستی برەوپێدانە، ڕێبازێکی خواپەرستی تر هەبوو بڕوای بە (موعجیزەکانی) شێخ عەبدولقادری گەیلانی هەبوو.[33]

ڕێبازی قادری لە ئەندەنوسیادا بەلایەنی کەمەوە لە سەدەی شانزەیەمەوە ناسراوە، بەڵام شوێنکەوتووانی تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم زۆری لەوێ نەبووە. شێخ ئەحمەد خەتیبی سەمباسی (لە ڕۆژئاوای بۆرنیۆ)، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لە مەکە دەیخوێند، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندەنوسیەکانی لەژێر سێبەری ڕێبازی قادری و نەقشبەندیدا کۆکردەوە و خۆی دانرا بە خەلیفە، کە ڕێبازەکەی لە هەموو ناوچەکانی ئەرخەبیلدا بڵاوکردەوە. بەڵگەی تەواو بەردەست نییە و بەهەرحاڵ لەسەر هەڵوێستی ڕێبازەکە لە دوو سەدەی رابردوودا، ئێمە نازانین ئەگەر شێخ جەعفەری بەرزنجی خۆی هیچ ڕۆڵێکی گێڕابێت لە برەوپێدانی ڕێبازەکە یان (مناقب)دا لەنێوان ئەو ئەندەنوسیانەی سەردانی مەدینەیان دەکرد. پەیوەندی وردی نێوان ئەم بەرزنجیە زۆر ناوداره و یەکەم خوێنەرەکانی ئەندەنوسی بە نادیاری دەمێنێتەوە.

---

[33] بڕوانە بەڵگەکان، بۆ ناوچەی بانتین لە ڕۆژئاوای جاڤا، لە بروینەسن 1995، ل.7-185.

ئێمە تەنانەت بە دڵنیاییەوە نازانین، کە شێخ جەعفەر خۆشی قادری بووبێت.

بنەماڵەی بەرزنجی لە عێراقدا، شێخە دیارەکانی ڕێبازی قادرین لە کوردستان، بەڵام پەیوەندی بنەماڵەکە بەم ڕێبازەوە تا ڕادەیەك مێژوویەکی نوێی هەیە. (بابە ڕەسول)ی دوا باپیرە گەورەی ناوداریان، کە دەڵێن لەگەڵ دوو ڕێبازی تردا بووە، ئەویش (نوربەخشیە و خەڵوەتیە- عەلەوییە) بوون، هەروەها یەکێ لە نەوەکانی ئەو کە (ئیسماعیل قازانقایە)یە،[34] کە (هاوچەرخی جەعفەر بووە) هەروەها

[34] شێخ ئیسماعیلی قازانقایە، واتە شێخ ئیسماعیلی ولیانی، کوڕی شێخ محەمەدی نۆدێی ناودار بە کبریتی سوور، کوڕی سەید علی وندەرینی، کوڕی زانای پایەدار شێخ بابا ڕەسوڵی گەورەیە و دەچنەوە سەر سەید عیسای بەرزنجی. شێخ ئیسماعیل لە گوندی نۆدێ لە ساڵی 1081 کۆچی لەدایك بووە. شێخی ناوبراو چوار برای هەبووە، شێخ ئەحمەد عەزایی، شێخ حەسەنی گڵەزەردە، شێخ محەمەدە سوور، شێخ علی کۆسەی دۆڵپەمویی.

کوڕەکانی بە ریز: عبدالرزاق- واتە شێخ ڕەزای دێلێژە، شێخ عبدالقادر، شێخ عبدالکریمی خاوێ، شێخ مەحموود، شێخ رسوڵ، شێخ عبدالرحمن، شێخ مارفە کۆستەی کانیکەوە، عبداللە، یحیی، عبدالسلام.

لە ساڵی 1158 کۆچی لە گوندی ریویە لە بادینان کۆچی دوایی کردووە و لەوێ نێژراوە. شێخ ئیسماعیلی ولیانی بۆ یەکەم جار لە کوردستاندا ڕێبازی قادری بڵاو دەکاتەوە، پاش ئەوەی کە لە بەغداوە لەلای شێخ ئەحمەد الاحسائی ڕێبازەکە

دەڵێن یەکەم کەسێك بووە کە پەیوەندی بە ڕێبازی قادرییەوە کردووە.[35] بەهەرحاڵ وێکچوونێکی سەرسوڕهێنەر هەیە، لە لایەك لەنێوان پەیڕەوکردنی قادری کە شێخانی بەرزنجی لە کوردستان پیادەی دەکەن، هەروەها لە لایەکەی ترەوە لەگەڵ ئەو خواپەرستیەی لە چەند شوێنێکی دیاریکراوی ئەندەنوسیادا کە بە (دەبوس) ناسراوە. دوابەدوای زیکرکردنی بە کۆمەڵ، قادرییە کوردەکان جەستەی خۆیان دەدەنە بەر زرك و تیغەکان، پەیرەوی شوێنەکانی تر پەیوەندی بە قادرییەوە نییە، بەڵکو تەنیا پەیوەندی بە روفاعییەوە هەیە.[36] دەبوس لە ئەندەنوسیادا (لە دەبوس یان دەرزییەوە) وەرگیراوە، کە لە هەندێ پەیڕەویی روفاعیەوە هاتووە، وەك زرك کە هەمان شێوەی ئەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ سەرێکی لە دار بۆ کراوە و زنجیرێکی میتاڵیی بچوکی پێوەیە. لە (بەنتن) پەیڕەوانی

---

وەردەگرێت، ئیدی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و دەست ئەکات بە بڵاوکردنەوەی ئەو ڕێبازە نوێیە. ئەم زانیاریانە لەم سەرچاوانەوە وەرگیراوە: 1. مەلا عبدالکریم =مودەریس، "علماءنا فی خدمة العلم والدین، 2. شێخ محەمەد خال، الشیخ معروف النودهی- وەرگێڕ.

[35] تەوەکولی 1980، ل. 133.

[36] وەسفی کۆبوونەوەکانی زکری کوردە قادرییەکان و یاریکردن بە تیغە تیژەکان، لە ڤان بروینەسن 1992، ل. 40-234 دا.

دەبوس بەوە دەناسرێن کە پەیوەندیان بە شێخ عەبدولقادر و شێخ ئەحمەد روفاعیەوە هەیە، هەندێ گروپ تەنانەت (بەرزنجی-مەولودنامە)ش دەخوێننەوە بۆ پاراستن لە کاتی راهێنانەکانیاندا.[37] سەیرە باوەڕبکرێت کە ئەو وێکچوونانە دەبێ بەپێی ئەو پەیوەندیانەوە بێت لەنێوان ئەو ناوچانەی، کە جەعفەر بەرزنجی یان قوتابیەکانی ئەو لقەیان دووربینی کردووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەك نییە پشتگیری لەوە بکات.

نەوەکانی دواتر لە بنەماڵەی بەرزنجی لە مەدینەی منەوەرەدا وەك مامۆستا و نووسەر بەکاریگەری مانەوە و نووسینگەی موفتی شافیعی شارەکە لە زۆر کاتدا بە دەستیانەوە بووە (وەك لە سەردەمی محەمەد بن عبدالرسول و جەعفەر بن حەسەن)دا. توێژینەوەی نوێ لە مەملەکەتی عەرەبی سعودیدا لەژێر فەرمانی عوسمانیدا، واتە لە ماوەی نێوان (1840- 1908) هێما بۆ ئەوە دەکات، کە ئەندامانێك لە بنەماڵەی بەرزنجی بۆ ماوەی زیاد لە 67 ساڵ موفتی مەدینە

[37] ڤان بروینەسن 1995، ل. 9-187.

بوون.[38] له ڕۆشنایی ئەو بارودۆخەوە، لەوانەیە زۆر لەو بەرزنجیانە قوتابی ئەندەنوسییان هەبوبێت، بەڵام بەڵگەیەکی کەم لەو بارەیەوە هەیە لەو کتێبەوە لیستی زۆر پاڵپشت لە (زنجیرە گواستراوەکانی دەقە ئیسلامیەکان) دەتوانین ئەوە بەرهەم بهێنین، کە بەلایەنی کەمەوە دوو زانای مەزنی ئەندەنوسی هەر یەکەیان یەك کتێبیان لەلای ئەحمەد بن ئیسماعیل بەرزنجی (1914) خوێندووە.[39]

یەك یان دوو دەیەیەك دواتر، موسڵمانێکی پایەداری ئەندەنوسی (موحسین موسەوی) دامەزرێنەری قوتابخانەی ئەندەنوسی (دار العلوم الاسلامیە) لە مەکە، هەروەها لە مەدینەدا لەلای (زەکی بن ئەحمەد بەرزنجی) خوێندویانە.[40] کەمی ڕێژەیی کەرەسەی ژیاننامەی زانایانی ئەندەنوسی ڕێگەی ئەوەمان نادەن، کە هیچ ئەنجامێ بەدەست بهێنین لەبارەی کاریگەریی ئەو بنەماڵەیەوە لەسەر ئەو ئەندەنوسییانەی لە مەکە و مەدینەدا خوێندویانە.

---

[38] ئۆچسنواڵد 1984، ل. 52. پوختەی نوسەرانی عەرەب، عمر رضا الكحالة، معجم المؤلفين، دوانزە کتێبی ریزکردووە، کە لەلایەن ئەندامانی بنەماڵەوە نووسراون، زووربەیان دانیشتوی مەدینەن.

[39] الفاليمبانی، ن. د. ل. 59-60 و 63.

[40] عبدالجبار 1385/1965-6، ل. 3-331.

# بۆچی

# زۆر لە ئەندەنوسیەکان بانگدەکرێن کوردی؟

## ( محمد بن سلیمان )

## و

## تێبینیەکانی لەبارەی ( ابن الحجر )ەوە

لە پێشەکیەکەدا ئەو تێبینیەم بەیانکرد، کە (کوردی) لە ئەندەنوسیادا بۆتە ناوی تاکە کەس و بەزۆری لای ئەو خێزانە موسڵمانانە دەردەکەوێت، کە خۆپارێزن. ئەوەش لەوانەیە کە دووبارە بە کاریگەریی زانایەکی کوردی دیاریکراو پەیڕەو کرابێت، کە کارەکانی کاریگەرییەکی سەرەکی لە ئەندەنوسیادا هەبووە.

بۆ شیکردنەوەی ئەوە، دەبێ هەندێ شت لەبارەی ئەو خەسڵەتەوە بوترێ، کە دەدری بە ناوی موسڵمان لە دەوروبەری ئەندەنوسیادا.

تا رادەیەك سێ جۆر ناو هەیە، کە بۆ منداڵی دایك و باوکێکی موسڵمانی لەخواترس گونجاو و لەبارە.

یەکەم: تێکەڵەی وشەی (عەبد) لەگەڵ یەکێ لە ناوەکانی خوا.

جۆری دووەم: پێکدێت لە ناوی پێغەمبەر و خزمان و هاوڕێیانی. بەشی سێیەم زیاتر لە ئەندەنوسیادا باوە. بیروباوەڕی ئایینی خەڵك لە ئەرخەبیل و بەتایبەتی ئەوانەی کە لە قوتابخانە ئیسلامیەکانی ناوخۆدا خوێندویانە، قوتابخانە ناوخۆییە کۆنباوەکانی موسڵمان، زۆر جار ناوی منالأنیان بە ناوی نووسەری ئەو دەقە ئایینیە گرنگانەوە ناو دەنا، کە لەوێدا دەبوو بخوێنرێت. بەو جۆرە لە ئەندەنوسیادا خەڵکێکی زۆر دەبینین ناونراون: سانوسی، رەملی، مالیباری، غەزالی، هیتد، من تەنانەت هاوڕێیەکم هەیە، کە ناوی تەواوی (محمد ابن عطاءالله شهیب الحكم)ە واتە (محمد ابن عطاءالله) نووسەری الحكم. لەوەدەچێ زیاتر فێری ئەو جۆرە ناوانە بن، لە بەراوردا لەگەڵ ناوە ئاساییەکانی موسڵمانان لە دوو جۆرەکەی تردا، ناوی (کوردی)یش سەر بەم گروپەیانە، هەروەها هێما دەکات بۆ نووسەری کاری فیقی، کە ماوەیەکی دوورودرێژە لە قوتابخانە ئیسلامیە ناوخۆییەکانی جاوەدا دەخوێنرێت. ناوی نووسەر و کارەکەی هەردووکی بەکاردێ بەشێوەیەکی دیار و ناسراو بە ناوی

(سلێمان کوردی).ترشە سلێمان کوردی یان بە شێوەیەکی راستر (**محەمەد** بن سلیمان ئەلکوردی) لە 1715دا لە دیمەشق لەدایك بووە و لە سەرەتای لاوییەوە دوای باوکی کەوتووە بۆ مەدینە، کە لەوێ زۆربەی ژیانی بەسەربردووە و لە 1780دا کۆچی دوایی کردووە. بووە بە موفتی شافیعی لە مەدینە و چەند کارێکی فیقی گرنگی نووسیوە. ئەوەیان کە لە ئەندەنوسیادا زۆر ناودارە و تا ئێستاش بەچاپ دەگەیەنرێتەوە (الحواشی المدنیە) و تێبینیەکی زۆر فراوانی (با فضل المقدمة الحضرمية) یان راستر تێبینیەکی مەزنتر لەبارەی تێبینیەکانی پێشوتری ابن حجر، (منهاج القويم). هەروەها بگرە زۆر تێبینی تری کوردی هەیە، کە زۆر بنەڕەتی و چڕوپڕە، ئەوەش بە ناونیشانی (المواهيب المدنیە)، ئەم کتێبە لە ئێستادا زۆر بەکارناهێنرێت، بەڵام سەرچاوەیەکی ناودارە بۆ خەڵکانی پسپۆڕ. لەوەدەچێ لە لایەن زانایانی ئەندەنوسیەوە پەسەندبێت، ئەوانەی کە

---

[41] لە پاڵ ئەم ناوەدایە کە ئێمە کاری فیقە ریزکراوەکان لە ئەدەبی قوتابخانە ئیسلامیە ناوخۆکاندا دەبینینەوە، کە زیاد لە سەدەیەك لەوەبەر، ڤان دین بەرگ 1886 هاوبەشی تێداکردووە. ئەوەشی زۆر بە درێژی پاکتاوی ئەو جۆرەی لە ئەدەبدا کردووە. ڤان بروینەسن لە 1990دا.

له مەکە و مەدینە توێژینەوەیان دەکرد، یان لەوێ نیشتەجێ بوون، چونکە بە یەکەوە لەگەڵ هاریکارییەکی سەرەکی ئەندەنوسیدا بۆ ئەو بابەتە چاپکرا، تێبینی (محفوظ الترماسی) لەبارەی (منهاج القویم).[42] (محمد بن سلیمان الکوردی) و کارەکانی لەبارەی فیقەوە لە ئەندەنوسیادا ناوداربوون، لەبەرئەوەی ژمارەیەك قوتابی بەتوانای ئەندەنوسی هەبووە. (محمد ارشد البنجری) نووسەری گرنگترین کاری فیقی مەلاوی، (سبیل المهتدین) یەکێك بووە لە قوتابییەکانی و کتێبی ژیاننامەکەی (ارشد)ی، ناوبراو (الکوردی) وەك مامۆستایەك دەناسێنێت، کە لە سەردەمی خوێندندا لە حیجاز کاریگەرییەکی زۆری لەسەری هەبووە. هەروەها کتێبی ژیاننامەی ناوخۆیی لەبارەی (ارشد)ەوە دەڵێت: کە ئەو هێشتا قوتابی بووە، کە داوای فتوای لە

[42] حەواشی (هەروەها هێمای کوردی صغری "کوردی اصغر") دەکات و تا ئێستاش بە رێکوپێکی لە ئەندەنوسیادا بە چاپ دەگەیەنرێت و المواهب (هەروەها کوردی کبری، "کوردی اکبر") لە چوار جزوبەندا بە چاپ گەیەنراوە لە چاپخانەی ئەمیرە الشرفیە لە مەکە، بەبێ مێژوو، بۆ زانیاری بیبلۆگرافیا لەبارەی محەمەد بن سولەیمانەوە بڕوانە =سەرەتای موراد‌ی، الحریر الدررە، جزوبەندی چوارەم، ل. 2-111، بروکلمان، گال دوو، 389، و س دوو، 555، مەردۆخی روحانی 1985/1364، بەرگی یەکەم، ل. 3-2522 نیشانەی لیستی ناوداریی کورد لە هەندێ بازنەدا لەو کۆمەڵە فەتوایەی ئەم دواییە لە لایەن زانایانی ئەندەنوسی دانیشتوی مەکە، هێما بۆ سێ جار دەکات بۆ کوردی الصغری و لە یانزە جاریش کەمتر نییە بۆ کوردی الکبری وە دەستەڵاتدار.

کوردی کردووە لەبارەی کاروباری ناوخۆیی لەناو هاوولاتیانی لە باشووری دوورگەی بۆرنیۆدا. سولتانی ناوخۆ، کە لەژێر دەستەلاتی (ارشد)دا بوو، بۆ چاکردنی باری ئامادەبوونی گشتی لە نوێژی هەینی لە مزگەوتی دەولەتدا، هەولیدا سزای ئەوانە بدات کە ئامادە نابن. ئەرشەد داوای لە مامۆستاکەی کرد، کە گوایە ئەو بڕیارە ڕەوایە، وەلامی ئەم پرسیارە دواتر خرایە ناو کۆمەلە فتواکەی ئەلکوردیەوە.[43] لە نەریتی زارەکی لە باشووری دوورگەی بۆرنیۆدا هەیە، کە نەك تەنیا ئەرشەد، بەلکو زووربەی ئەندەنوسیانی هاوچەرخی ئەو، لەلای (محمد بن سلیمان الکوردی) خوێندویانە. لێکدانەوەیەکی تر هەیە، کە لەوەدەچێ لە نەوەکانی دوای ئەرشەدەوە هاتبێت، وەك زانای ناودار (عبدالصمد الفالیمبانی)، هەروەها وەك (عبدالوهاد بوجیس) و (عبدالرحمن مسری) کە ناودارییان کەمترە، ئەم دووانە لە باتافیاوە پەیوەندیان بە ئەرشەدەوە کردووە، تا لە وانەکانی (الکوردی)دا لە مەدینەی منەوەرە ئامادەبن، دوای ئەوە بە فەرمانی مامۆستاکەیان لە سالی 1770دا پێکەوە بۆ ئەندەنوسیا

---

[43] زەمزەم 1979، ل. 5، ئەبو دودی 1980، ل. 25، هیچ نووسەرێ پەیوەندی بە وەلامەکەوە نییە کە چی بووە.

گەڕانەوە، بۆ ئەوەی ڕۆڵەی وڵاتەکەی خۆیان فێربکەن.[44] بەهەرحاڵ ئەوەش لەوانەیە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەردەوامی دەستەڵاتی (الکوردی بێت)، هەروەها لە میانەی دەوروبەرێکی تایبەت لە مەکە و مەدینەدا، کە کارەکانی لێوە بڵاوبۆوە، ئەو دەوروبەرە تەواوی زانا مەزنە ئەندەنوسیەکانی لەخۆگرتبوو، کە لە مەکە نیشتەجێ بوون، وەك (نەوەوی)ی[45] مەزنی (بانتەن).[46]

---

[44] خالیدی 1968، ل. 8-14، عبدالصمد، بەهەرحاڵ لە هیچ یەکێ لە کارەکانیدا ناوی کوردی نەهێناوە (لەگەڵ ئەوەی کە ناوی زۆری تری هێناوە) ئەوەش دوورە کە لە سەردەمی رابردودا بۆ ئەرخەبیل گەڕابێتەوە. ناوی ئەلکوردی نەهێنراوە، نە لەناو ماملۆستایانی ئەرشەدی گەورەی مەلاوی، داود بن عبداللە الفتانی.

[45] ناوی (ابو عبد المعطی محمد ابن عمر ابن عربی ابن علی)، نەوەوی الجاوا البنتنی التناوی)یە و یەکێکە لە زانایانی سەدەی چواردەیەمی کۆچی  وەرگێڕ.

[46] شێخ یاسین سومتەر الفدانی دەڵێت، کە تا کۆچی دوایشی لە سەرەتای 1990دا ئەندەنوسیە پێشینەکان رابەری قوتابخانەی دار العلوم الدانیەیان لە مەکە دەکرد و لە عقد الفریددا 1981/1401، ل. 4-83 زنجیرەی گواستنەوە (اسناد)، کە وتی ئەو زانیاری لە حەواشی مەدەنیەکەی الکوردیەوە پێدەگەیشت. یەکەم نێرەرێ دوای =الکوردی خۆی سۆفیەکی ناسراو (محمد بن عبدالکریم السمان) دوا بەدوای ئەویش (شریف عبد المجید الزیادی) و دوو پیاو لە پەلەمبانگ (عقب بن حسن الدین و عبدالصمد) و نەوەوی بنتن. زنجیرەکە بەردەوامە لە عبد الحمید قودس (نووسەری زۆر کاری دەستوری فیق)ە و سەید علی الحبشیی کۆتانگ (جاکارتا) بۆ شێخ یاسین.

## دوو زانای پایەبەرزی کوردی نەقشبەندی:

## مەولانا خالید

## و

## محەمەد ئەمین ئەلکوردی

رێبازی نەقشبەندی بەلایەنی کەمەوە لە سەدەی هەڤدەیەمەوە لە ئەندەنوسیادا ناسراوە، بەڵام بە تەواوی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا پەرەی سەند و یەکێ لە لقەکانی رێبازەکە کە بەخێرایی لە هەموو لایەکی ئەرخەبیلدا بڵاوبۆوە خالیدییە بوو، ناوەکەشی دوای پێشڕەوی جوڵانەوەی هەستی و مامۆستا و چاکساز (مەولانا ضیاءالدین خالد البغدادی) یان (الکوردی)ەوە ناونراوە، کە بە تەنیا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ئەندازیاری زیندوکەرەوەی رێبازەکەیە. خالید لە ناوەندێکی کولتووری کوردیدا لە شێوازێکی کۆندا پێگەشتووە. وەك زۆر لە زانا ناودارەکانی تری کورد، ئەویش لە شارەزوور لەدایك بووە، لە بەشێکی جێگیری عەشیرەتی جاف، لە

1776 یان 1779. لەلای زانا مەزنەکانی کوردستان خوێندویەتی و چووە بۆ دیمەشق و مەکەی موکەڕەمە و مەدینەی منەوەرە بۆ بینینی زانا مەزنەکانی هاوچەرخی خۆی، دوای ئەوەش چووە بۆ هیند بۆ خوێندن لەبەر دەستی مامۆستا و پێشڕەوی نەقشبەندی، عەبدوللە الدهلەوی (هەروەها بە- شاه غولام عەلی الاحمدی- ناسراوە) و بوو بە گەورەترین شوێنکەوتوانی. دوای ساڵێك لە دەلهی، بۆ رۆژئاوا گەڕایەوە. لە ساڵانی نێوان گەڕانەوەی بۆ عێراق لە ساڵی 1811 و کۆچی دوایی لە 1827دا، لە سلێمانی و بەغدا و دیمەشق ژیاوە و بەلایەنی کەمەوە 67 خەلیفەی لە شوێنە جیاجیاکانی ئیمپراتۆریەکەدا لە کورد و تورك و عەرەب دامەزراندووە. نووسینی بە فارسی و عەرەبی و کوردی زمانی دایك و گۆرانی نووسیوە، کە لە کاتی ئەودا هێشتا زمانی ئەدەبی بووە لە کوردستانی باشووریدا.[47] یەکێ لەو خەلیفانە، کە ناوی عبداللە الارزنجانی بوو ناردیان بۆ مەکە، کە لەوێ خۆی و خەلیفەکانی توانیان ژمارەیەکی زۆر لە

[47] لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی زۆر لەبارەی ژیانامەی مەولانا خالیدەوە هەیە، کە بەسودترینیان ئەلخانی 1306/9-1888 و مودەریس 1979، بە ئینگلیزیش حۆرانی 1972 و بە فڕەنسیش حەکیم 1990 و 1997 Chodkiewicz. الخانی لیستی خەلیفەکانی مەولانا خالید بەیان دەکات. روونکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەی خێرای نەقشبەندی- خالیدییە، لە ڤان بروینەسن 1992، ل. 34-224.

قوتابیانیان لەنێوان ئەندەنوسیەکاندا رابکێشن و زۆریان ماوەیەکی درێژتریش دوای بەجێهێنانی فەرزی حەج مانەوە. یەکەم ئەندەنوسیەکی ناسراوی سەر بەم لقەی رێبازی نەقشبەندی (ئیسماعیل مینانکاباوی) بوو (کە لە رەگەزی مینانگکاباو بوو لە رۆژئاوای سومتەرە)، ناوبراو قوتابی و جێگری ئەرزنجانی بووە و خەلیفەکەی سولەیمان ئەلقیریمی بوو. لە پەنجاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ئیسماعیل بۆ چەند ساڵێك گەڕایەوە بۆ ئەرخەبیل و لەوێ زۆری لە بیروباوەڕی کۆنی خۆیانی وەرگێڕا، لە ناو ئەوانەشدا بنەماڵەی فەرمانڕەوا لە مەملەکەتی دوورگەی ریاو- جۆهۆردا. هەروەها کاریگەری نەقشبەندی  خالیدیەیە، کە پاڵپێوەنەرێکی بەهێزە لە سەردانی ئەندەنوسیەکاندا بۆ شارە پیرۆزەکان، شارەزاییان لە زمانی عەرەبیدا بەس نییە بۆ ئەو مەبەستە و بەرژەوەندی شێخەکان (دارایی و شتی تر) لەناو ئەم شوێنکەوتوانەدا توانایەکی گەورەی هەیە، بە رادەیەك کە فەرمانبەری هەمیشەیی کە بە مەلاوی دەدوێن لە زاویەی عەبدوڵلە ئەرزنجانی لە چیای ئەبو قوبەیس دامەزرێنرا بۆ رابەری قوتابیە ئەندەنوسیەکان لە پەیڕەو و پرۆگرامی رێبازەکە.[48]

---

48 بڵاوبوونەوەی رێبازی نەقشبەندی  خالیدییە، کە بە دوورودرێژی گرنگی پێدراوە لە: ڤان بروینەسن 1990 و 1994.

لە کاتێکدا زاویە لەسەر چیای ئەبو قوبایس وردە وردە پێشکەوت، بەتایبەتی لەژێر دەستی سلێمان ئەلزوهدی، کە خەلیفەی سولەیمان ئەلقریمی بوو، ئیدی کەوتە مۆڵەتدان بە هەموو ئەندەنوسیەکی کە سوورە لەسەر وەرگرتنی. زانایەکی تری کورد دیسانەوە دەرکەوت، کتێبێکی نووسی کە بوو بە رابەرێکی گشتی ئەدەبی لەبارەی رێبازی نەقشبەندی ئەندەنوسیەوە. لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەندەنوسیەکان ئەوانەی رێبازی نەقشبەندییان لە مەکەوە وەرگرتبوو، گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان و کۆپیەکی کتێبی (جامع الاصول فی الاولیاء )ی (احمد گوموشخەناوی)، یان کۆمەلە لێکۆڵینەوەکانی سولەیمان ئەلزوهدی، کە یەکێکە لە سەرکەوتوترین مامۆستایانی مەکە. بەهەرحاڵ، (تنویر القلوب)ەکەی (محمد امین الکوردی) ئیدی وەك بە کەڵکترین رابەرێك لەبارەی رێبازەکەوە، هەر زوو شوێنی ئەو کارەی گرتەوە، ئێستاش بەوپەڕی فراوانیەوە ئەو دەقە لە رێبازی نەقشبەندی لە ئەندەنوسیادا بەکاردەهێنرێت.

محەمەد ئەمین لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا لە ئەربیل لەدایك بووە و زانستی ئایینی لەلای زانایانی دەوروبەریدا خوێندووە، رێبازی نەقشبەندیشی لەسەر دەستی شێخێکی ناودار بەناوی (عمر

ضیاءالدین)ی بیارە لە شارەزوور وەرگرتووە، کە دووەم نەوەی خەلیفەی (مەولانا خالید)ە.

لە بیارەوە چوو بۆ مەدینە و بۆ ماوەی 10 ساڵ لەوێ مایەوە و لە قوتابخانەیەکی ناوخۆدا وانەی دەوتەوە. پاشان چوو بۆ ئەزهەر لە قاهیرە، لە ئاستێکی ملکەچانەدا کاری دەکرد و سەرپەرشتی (رواق-کۆلیج)ی کوردی دەکرد تا کۆچی دوایی لە 1914دا. دوانزە کتێبی نووسیوە، لەوانە (تنویر القلوب) کە زۆر گرنگ و ناودارترینیانە.[49] وەك نەریتی راستەقینەی کورد ئەویش چەند زمانێکی زانیوە و هەروەها کارێکی غەزالی لە فارسیەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە.[50] نەمتوانی ئەوە بدۆزمەوە کە ئایا محەمەد ئەمین لە ماوەیەی ئەو 10 ساڵەی لە مەدینەدا یان ئەو ماوەیەی لە ئەزهەردا بەسەری بردووە، قوتابی ئەندەنوسی هەبووە. چونکە ناوەکەی لە هیچ زنجیرەیەکی نەقشبەندی ئەندەنوسیادا نابینرێت،

---

[49] تاکە کارێکی چاپکراوی تری بریتیە لە (المواهب السرمدیه فی مناقب النقشبدیه) قاهیرە 1911/1329، کۆمەڵە ژیاننامەیەکە لەبارەی شێخانی کوردی نەقشبەندی-خالیدیەوە.

[50] بەیانی درێژتری ژیاننامە لەبارەی (محمد امین الکوردی) بۆ زوربەی چاپەکانی تنویر، تێبینی تر لە مودەڕیس 1983، ل. 7-545 و مەردۆخی رۆحانی 1985/1364، ل.6- 125.

زۆریش لەوەدەچێت، بەلایەنی کەمەوە، کە هەندێ پەیوەندی ڕاستەوخۆش هەبووبێت، بۆ هەردوو مەدینە و لە ئەزهەریشدا کە هەمیشە قوتابیانی ئەندەنوسی لێبووە. نمونەی ئەم جۆرە پەیوەندیانەش وەك پێویست لە زنجیرەدا ڕەنگ ناداتەوە. بەلایەنی کەمەوە حاڵەتێکی دواتر هەیە لە ڕووی پەیوەندی ناڕاستەوخۆی نەقشبەندیی ئەندەنوسیی لەگەڵ محەمەد ئەمین ئەلکوردی. مامۆستایەکی نەقشبەندی لە کەناری باکوری جاڤا- جاوا هەیە، ناوی (کیای حاجی عبدالوهاب چافیز) لە ڕەمبانگ، پێیوتم کە ئەو نجم الدینی ئەلکوردیی کوڕی محەمەد ئەمینی دەناسی کاتێ کە لە 1960دا لە ئەزهەر دەیخوێند. ئەو نەجمەدینی لە ئاستێکی پایەدار و بەرزدا پاراستبوو، هەروەها دایدەنا بە مامۆستای خۆی، بەڵام باوەڕی بە بەردەوامی زنجیرەکە هەر لە میانەی باوکیەوە هەبوو، کە یەکەم مامۆستای بووە.

# بۆچی زانایانی ئایینی کورد

## ئەوەندە کاریگەرییان لە ئەندەنوسیادا هەبووە؟

ئەم وتارە پێشوتر لە گۆڤارێکی ئیسلامی ئەندەنوسیدا لەژێر ناونیشانێکی تورەکەردا بەناوی (ئایا کوردەکان ئەندەنوسیەکانیان کردووە بە موسڵمان؟) بڵاوکرایەوە، مەبەستم زیاتر تورەکردن و پێکۆڵکردنی ئەو خاوەن بیرو بۆچوونانە بوو، کە دەیانوت ئەوانە بازرگانانی موسڵمانی هیندی یان عەرەب یان چینی بوون و هەروەها چوون بۆ حەج بۆ شوێنە پیرۆزەکان لە حیجاز، ئەوانە ڕۆڵیان هەبووە لە پرۆسەی بە ئیسلامبووندا.[51] لە راستیدا ژمارەیەك لە زانایانی تر کاریگەرییی زۆریان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەسەر بە ئیسلام بوونی ئەندەنوسیا هەبووە، لەو بڕوایەدام ئەوەی گومانی هەیە و وا

---

[51] ڤان برونسن 1987 .

بیردەکاتەوە، ئەگەر تیشکۆی تایبەتی لەسەر زانایانی کورد دابنرێت، زیادەڕەوی پێوەدیارە لە دەرخستنی کاریگەریی کوردی". ئەو ئەندەنوسیانەی لە مەکە یان مەدینەدا خوێندویانە دەبێ مامۆستایانیان لە زۆر ناوچە و رەگەزی جیاجیا هەبووبێت. لە راستیدا مانەوەی (سنوك هارگرونی) لە 1885دا لە مەکەدا، وادەردەکەوێت کە یەك کورد لەناو مامۆستایانی ناودار لای ئەندەنوسیەکان لەو کاتەدا نەبووە.[52] ئەو بارودۆخە بە هەمان شێوە لەسەر سەدەی بیستەمیش هاوشێوە دەبێت، ئەگەر بڕوانینەوە قۆناغەکانی رابردوو، بەهەرحاڵ، زانایانی زۆر نابینین لە مەکە یان مەدینەدا، کە کاریگەری لەناو ئەندەنوسیەکاندا هەبووبێت، لە بەراوردا بەوەی ئیبراهیم ئەلگۆرانی و جەعفەر ئەل بەرزنجی، محەمەد بن سولەیمان ئەلکوردی، یان بەناڕاستەوخۆ مەولانا خالید هەیانبووە.

---

[52] جزوبەندی دووەم لە کاری (سنوك هورگرۆنجە) لەبارەی مەکەوە 1889، دەوڵەمەنترین سەرچاوەیە لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینیەوە لە مەکەی موکەڕەمە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا. هەروەها کورتەیەك بۆ وتارە کورتەکان پێشکەش دەکات لە بارەی ئەو زانایانەی لەوی وانە دەڵێنەوە و وەسفی کۆمەڵگای ئەندەنوسی (جاڤا)یی دانیشتوی مەکە دەکات.

له راستیدا، ئەو مامۆستایانەی کە گەورەترین ژمارەیان لە قوتابیانی ئەندەنوسی ڕێکخستووە لە کاتی سەردانی سنۆکدا، دوو خەلیفەی ناکۆك بوون لەگەڵ عەبدوللە ئەلئەرزنجانیی خەلیفەی مەولانا خالید. قوتابیانی خۆیان وا ڕادەهێنا کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی ڕۆحییان (رابطة) بە مەولانا خالیدەوە هەبێت لە میانەی ڕاهێنان و هێنانە بەرچاوی کەراماتەکانی ئەو.[٥٣] بەشێکی شیکردنەوەی گرنگی بوونی مامۆستایانی کورد لەنێوان موسڵمانانی ئەندەنوسیدا لەوانەیە ئەوەبێت، کە ئەندەنوسیەکان بەلایەنی کەمەوە لە سەدەی شانزەیەمەوە چوونەتە ناو مەزهەبی شافیعیەوە، هەروەك کوردەکان (هەروەها عەرەبی حەزرەمەوت و زووربەی زۆری میسریەکان، بەڵام پێچەوانەی زووربەی عەرەبەکانی تر و تورکەکان و هیندیەکان). لەم

---

[53] هێنانە بەرچاو و گیان بە بەراکردنی مامۆستا و شێخ وەك هۆیەك بۆ پەوەندی گیانی و وەرگرتنی ڕێنمایی لێی (رابطة بالشيخ) یەکێکە لە تەکنیکە جیاکانی ڕێبازی نەقشبەندی  کە لە خالیدیەدا گرنگی زیاتری پێدراوە. بڕوانە Chodkiewicz 1990. بە ئاسای نوری مامۆستاکەی لە خۆیدا دەبینێت، کە بۆ چەند نەوەیەکی دواتری ئەوە دەکەن دوای کۆچی دواییشی. تێبینیە کورتکراوەکانی شیکردنەوەی نەقشبەندی کە لەوەدەچێ ئەندەنوسیەکان لەگەڵ خۆیان هێنابێتیانەوە وەسفێکی کورتی مەولانا خالید وەك چۆن دەردەکەوێ ئاوا دەیکات، بەجۆرێ کە ئەوان نازانن چۆن بەرجەستەی بکەن.

ڕۆژگارەدا ئەو ئەندەنوسیانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوێنن، ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە، کە پەیوەندیان لەگەڵ کورددا هەبێت ئاسانترە وەك لەوەی لەگەڵ عەرەبدا هەیانبێت، ئەویش لەبەر ئەو مەزهەبەیە کە هاوبەشن تێیدا.[54] لەوانەیە ئەم بنەمایە بەشێك لەو ڕۆڵەی گێڕابێت، هەرچەند مەسەلەی مەزهەب تەنیا پەیوەندی بە بابەتەکانی فیقەوە هەیە، نەك لەسەر لایەنەکانی تری باوەڕ و ڕاهێنانی موسڵمان. لە ڕاستیدا، هەندێ لەو مامۆستا عەرەبانەی زۆر کاریگەرییان لەسەر ئەو ئەندەنوسیانە هەیە، کە لەم سەدەیەدا دەخوێنن، شافیعی نین و بەڵکو مالیکین. ناودارترین زانای عەرەبی بەتوانا لە مەکەدا، کە وەهابی نەبێت و ئەندەنوسیەکان زۆر ڕێزیان دەگرتن (سید علوی بن عباس المالکی) و (محمد بن علوی المالکی) کوڕی بوو. ئەندەنوسیەکان گشت بابەتەکانیان لەگەڵ فیقی شافیعیشدا لای ئەم دوو زانایە خوێندووە. بە تەنیا مەزهەب ئاسان

---

54 من قەرزداری ئەو تێبینیەی (عبدالرحمن واحید)م، سەرۆکی کۆمەڵەی موسڵمانانی ئەندەنوسیای نەرێتی. کاتی بۆ یەکەم جار هێمام بۆ کاریگەری کورد کرد لە لێکۆڵینەوەکەمدا لەبارەی کوردی موسڵمان، ئەو باوەڕی بەوە هەبوو کە کاتێ قوتابی دەبێ لە بەغدا ، زووربەی هاوڕێیانی کورد دەبێت، وا هەست ئەکات کە هاوڕێی =شافیعیە ، تێبینی هەمان تقوسی خۆپاکردنە، لە کاتی نوێژ و ئەو جۆرە چالاکیانەدا، زۆر ئاسانکاری تێدایە کە پێکەوە بژین.

نییە ئەوە شیبکاتەوە، کە بۆچی مامۆستایانی کورد کاریگەرییان لەسەر قوتابییانی ئەندەنوسی هەبووە. لەو بڕوایەدام دیاردەیەکی تریش هەیە کە قوتابییانی ئەندەنوسی راکێشاوە بۆ لای مامۆستایانی کورد، یان کارە نوسراوەکانیان، لەوەدەچێ هاوشێوەیەك لە تێگەیشتن و باوەڕی ئایینی نێوان موسڵمانانی ئەندەنوسی و کورددا هەبێت، خاڵی کێشکردنی هاوبەش لە نێوانیاندا بۆ سۆفیگەری و میتافیزیقی و باوەڕی رەهایان بە موعجیزە و پیرۆزی هەیە. پێشبینی کردن میتافیزیکی (وحدە الوجود) ئەندەنوسیەکانی بەکێشکردووە، لەبەرئەوەی ئەو بۆچوونانە هاوشێوەیە لەگەڵ بۆچوونی ئەو سوفیگەریانە کە بەر لە ئیسلام باوەڕیان پێیبووە. یان لەوانەیە هەمان شت وترابێ بەرامبەر کوردستان و یان لەبارەی گۆران، کە خاکەکەیان لانکەی پەیدابوونی نووری پەروەردگارە و تیشکدانەوەی زیندوبوونەوە و خاکێکی هەمیشە دەوڵەمەندە. زانایانی وەك ئیبراهیم ئەلگۆرانی و مەولانا خالید ئاستێکی ناوەند دەگرن لەنێوانی بێباوەڕی و باوەردا. دژی بێباوەڕی ناوچەی سەرەکی خۆیان، کاردانەوەیەکی پر لە باوەڕیان هەبووە، بەڵام لەبری ئەوەی هەموو مەزهەبەکان و راهێنانە دەروونیەکان بنێنە دواوە، کە بەئاسانی چوونەتە ناو بێباوەڕییەوە، پشتگیریان کردوون و چاکسازی

باوەڕدارانەیان لە تەکدا کردوون و گونجاندویانن. ئەوەیە کە وای لە زۆر لە موسڵمانانی ئەندەنوسی کردووە هەوڵبدەن بۆ دۆزینەوەی یەك ڕێگەی ناوەندڕۆ لەنێوانی یاسای وشك و بێگیان و عیرفان و یەکتاپەرستیدا. لایەنێکی تری نەریتی ڕۆحانی موسڵمانانی ئەندەنوسی ڕێزگرتنی پیرۆزانە، بڕوای پتەو بە موعجیزەکانیان و کەڵکەکانی کە لە سەردانی گۆڕەکانیان وەریدەگرن. ئەم هەڵوێستە بە ئاسایی لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا دۆزراوەتەوە و بەڵام جارێکی تریش زانایانی کورد بوون، کە ئەوەیان بە وشەکانیان دەربڕیوە و دڵی ئەندەنوسیەکانیان بانگکردووە. وەك لەوەبەر وتم هیچ نووسەرێك ئەوەندەی جەعفەر بەرزنجی لە ئەندەنوسیادا ناودار نییە لەگەڵ مەولودنامەکەی و (مناقب)ەکەی شێخ عەبدولقادر.

بەرزنجی تاکە نووسەری کورد نییە، کە ڕوونکردنەوەکانی موعجیزەکانی لە دڵ و دەروونی کۆمەڵگای ئەندەنوسیدا پاراستووە. بەڵکو بەلایەنی کەمەوە نووسەرێکی کوردی تر هەیە لەبارەی ئەو بابەتەوە، کە نزیکە هاوچەرخی بەرزەنجییە، هەروەها لەلایەن هاوڵاتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە وەك کولتووری نزیك دەستی بەسەرداگیراوە. لە ساڵانی دواتردا، دوو قوتابخانەی جیاوازی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی جاڤا- جاوا لە پێناوی قوتابیاندا سەرلەنوێ

ئەو دەقەیان چاپکردەوە، کە داکۆکی لە کوێرانە پەرستنی پیرۆزان و باوەڕکردن بە موعجیزەکان، (الفجر الصادق فی رد علی منکری التواصل والکرامات والخوارق) نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە دژی وەهابیزم، کە لە بنەڕەتدا لە 1905دا بڵاوکراوەتەوە، کوردێکی عێراقیە بەناوی جەمیل ئەفەندی صدقی ئەلزهاوی (1863-1940). وەکو ئەو زانایانەی تری کە تا ئێستا ناومان هێناون ئەویش لە باشووری کوردستانەوە هاتووە.[55]

لە کۆتاییدا نووسەرانی کوردی تریش هەن، کە کارەکانیان هیچ ڕەنگدانەوەیەکی دیاریکراوی ئەوتۆی تێدا نییە، کە دەنگدانەوەیەکی کوردی هەبێت، بەڵکو بە ڕێکەوت ئەندەنوسیەکان دەیانناسن،

[55] جەمیل کوڕی موفتی بەغدا بووە، محمد فیضی الزهاوی، سەر بە بنەماڵەی بابانەکان بوو کە ماوەیەکی دوورودرێژ فەرمانڕەوایی سلێمانییان کردووە. شاعیر نووسەرێکی سەرکەوتو بووە، بیبلۆگرافیای ژیان لە گاڵ س سێیەم 8-483 کارەکەی لە لایەن قوتابخانەی ئیسلامی ناوخۆوە لە لیربۆیۆ بەچاپ گەنراوەتەوە. هەروەها کەدیری بەوەوە لە دینانیەر نزیکی جۆرنبانگ. هەردوو لە ڕۆژهەڵاتی جاڤا. یەك نووسەری تری هەمان شێوە لەم سەردەمەدا لە لبنان هەیە و ناوی یوسف النبهانی اللبنانییە و لە ئەندەنوسیادا ناسراوە و کارەکەی (سعادت الدراین و جامع الکرامات =الاولیاء) کە لە هەندێ ناوەندا ناوبانگی باشی هەیە، هەروەها کارەکەی دواییان سەرلەنوێ لە دەنانیەر چاپکراوەتەوە.

ئەوەش بۆ نمونە وەك جەمال الدين بن الحاجب (1249کۆچی)، کە لەبارەی ڕێزمانی عەرەبییەوە کاری کردووە، (الكافيه و الشافيه)، کە لە زۆر ناوچەی جیاوازدا لە ئەرخەبیل دەناسرێت.

# ئەنجام

لەم وتارەدا گفتوگۆ لەبارەی کاریگەریی ژمارەیەك لە زانایانی ئایینی کوردەوە کراوە، کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەبارەی ئیسلامبوونی ئەندەنوسیەکانەوە هەبووە، چونکە ئەوان لە مەکە و مەدینە لە قۆناغێدا دەیانخوێند، لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆری ئەندەنوسیەکانیش لەوێ بۆ ماوەی ساڵێك بۆ خوێندن مانەوە و لەبەرئەوەی ئەو بابەتانەیان فێردەکردن کە ئەندەنوسیەکان مەبەستیان بوو. سەرجەمی ئەو بابەتانەی ئەو مامۆستا کوردانە دەیانوتەوە و قوتابیە ئەندەنوسیەکان فێری دەبوون "هونەری بەرز"ی میتافیزیکا و فەلسەفەی سۆفیگەری و هەروەها- بۆ جەماوەر- جۆرە باوەکانی سۆفیگەری لە خواپەرستی و رێبازی پیاوچاکان لە راهێنانەکاندا. ئیبراهیم ئەلگۆرانی و جەعفەر ئەل بەرزنجی دوو زانای کوردن، کە دیارترین نمونەی دوو جۆر لە سۆفیگەری جیاوازن. لەوانەیە ئەندەنوسیەکان لە حیجاز بۆیە ئالودەی مامۆستایانی کورد بوون، چونکە سەر بە هەمان مەزهەب بوون (قوتابخانەی دەستوری ئیسلامی)، هەروەها سەیر نییە کە ئەو برە کارەی زانایانی کورد لە

فیقدا جێبەجێیان کردووە بوونەتە دەقە بنەڕەتیەکان لە ئەندەنوسیادا.
بۆ زانیاری، ئەوانە بەتایبەتی کارەکانی محەمەد بن سولەیمان ئەلکوردی و لەسەر ئاستێکی بەرزیش (تنویر القلوب)ەکەی محەمەد ئەمین ئەلکوردییە. لە راستیدا رۆڵی زانایانی فیق قۆناغێکی زۆر دواتر گەشەی کرد لەوەی کە نووسەرە سۆفیەکان هێما بۆ بوونی گۆڕانێکی لەسەرخۆ دەکەن لەناو قوتابیانی ئەندەنوسیدا لە سۆفیگەرییەوە بۆ شەریعەت، بەڵام لەوانەیە (کتاب الاخیر) کە لە هەمان کاتدا بەچاپ گەیەنراوە، پەیڕەونامەی نەقشبەندی بێت.
نزیکبوونەوەی جۆرایەتی لەنێوان موسڵمانانی کورد و ئەندەنوسیەکاندا لە هەمان وابەستەیی و پەیوەندیدا دەردەکەوێت کە هەمیشە بە سۆفیگەرییەوە هەیانە، هەروەها رێزگرتنیان بەرامبەر مامۆستایانی سەدەکانی حەڤدەیەم و هەژدەیەم کۆلکەی هاوبەشە لەنێوانیاندا.

# بیبلۆگرافیا


1. عبدالجبار، عومەر، سیر و تراجم بعد علماءنا فی القرن الرابع عشر للهجرة. مەکە: دامەزراوەی مەکە بۆ چاپ و پەخش، 1385/6-1965.

2. ابو داودی، مولانا شێخ محمد. ارشد البنجاری. الاخبار کالیمانتان سیلاتان، 1980.

3. ابو حامد، شیخ یوسف: زانا، سۆفی و جەنگاوەر، جاکارتاك اندنوسیا، ئوبورن 1994.

4. ARBERRY, A.J. سۆفیگەری: بەسەرهاتی سۆفیەکانی ئیسلام. لندن: ئەلەن و ئەنوایند، 1950.

5. اتش، احمد، "مەلا گۆرانی" ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی.

6. ڤان دن بیرگ، L.W.C. "الدین المحمدی والتعلیم فی جاوا و مادورا وکتب المناظرة العربية"، گۆڤاریی هیندی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و ناوچەی کاریبی بۆ توێژینەوە 31 (1886)،55-518.

7. بروکلمان، کارل، تاریخ الادب العربی، بەرگی یەکەم، دووەم و سێیەم، لیدن: بریل، 1943-49، جزوبەندی پاشکۆی یەکەم، دووەم و سێیەم، 42- 1937.

8. ڤان بروینەسن، مارتن، "االیست الاکراد اسلمة اندنوسیا؟" قوتابخانە ناوخۆیەکان (جاکارتا) ژمارە. 4/بەرگی چوار، 1987، 53-43.

9. ڤان بروینەسن، مارتن، " اصول وتطویر النظام النقشبندیة فی اندنوسیا"، دیر الاسلام 67، a1990، 150 -79.

10. ڤان بروینەسن، مارتن، کتاب اصفر: ئەو کتێبانەی بە زمانی عەرەبی لە ژینگەی قوتابخانە ئیسلامیە ناوخۆکاندا بەکاردێت، هاوبەشیەکان لە دەوڵەتدا و زمانی ئەسنۆلۆجیا 146، b1990، 226 - -69.

11. ڤان بروینەسن، مارتن، "ئاغا و شێخ و دەوڵەت": بناغەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستان، لەندەن: کتێبەکانی زێد. 1992.

12. ڤان بروینەسن، مارتن، "المدار الاسلامیە الداخلیە و کتاب اصفر: بەردەوامی و گۆڕان لە نەریتدا بۆ فێربوونی ئایینی" لە وۆڵفگانگ مارشاڵ (ed)، دەقەکان لە دوورگەکانەوە، نەریتی زارەکی و نووسراو لە ئەندەنوسیا و جیهانی مەلاوی. بێرن: زانکۆی بێرن، 121- 145 a1994.

13. ڤان بروینەسن، مارتن، طریقة نقشبندیة فی اندنوسیا: دووەم پاکراوە، باندۆنگ: میزان، b1994.

14. ڤان بروینەسن، مارتن، " الشریعە المحکمە، ڕێباز و قوتابخانەی ناوخۆ: دەستگا ئایینیەکانی سەڵتەنەی باتین"، ئەرخەبیل 50 a1995، 165 -200.

15. ڤان بروینەسن، مارتن، کتاب اصفر، قوتابخانە ناوخۆییەکان و ڕێباز. باندونگ، میزان، 1995.

16. CHODKIEWICZ, Cyrille،" مولانا خالید (1193/1779-1249/1827) "لە رۆژنامەی الحیات، کراس دراسات نقشبندیە، ژمارە، 3، 1997. 75- 96.

17. CHODKIEWICZ، مایکل، "هەندێ لایەنی شێوەی رۆحی لە رێبازی نەقشبەندیدا" لە م. گابۆریۆ، ا. پۆپۆڤیچ موسڵمان. ئەستەنبول- پاریس: ISIS، 1990، 69-82.

18. دروز، G.W.J. و POERBATJARAKA، R.. Ng، **معجیزات عبدالقادر الگەیلانی** (باندۆنگ: A.C. Nix & Co، 1938).

19. ئەدمۆنز، C.J.، کورد، تورك و عەرەب: سیاسەت، گەشت و توێژینەوە لە باکوری رۆژهەڵاتی عێراق. لەندەن: چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد، 1957.

20. الفدانی، M. یاسین M. عیسا، لە عقد الفرید سورابایا: دار السقافە، 1981/1401.

21. الفالیمبانی، محەمەد موختارالدین بن زین العابدین، بلوغ الامانی فی التعریف شیوخ و اسانید موسنید العصر شێخ محەمەد یاسین بن محەمەد عیسا الفدانی المکی. مەکە: دار قوتەیبە، ن.د.

فریدمان، یوحەنان، شێخ ئەحمەد سەرهەندی. مۆنتریاڵ: زانکۆی ماکگێڵ، 1971.

22. حەکیم، هەڵکەوت، "مولانا خالید والقوی"، لە M. گابۆریەو، A. پۆپۆڤیك و Th. زارکۆن (محرران)، نەقشبەندیەکان: رێڕەوەکان و بارودۆخی کردەوەیی لە رێبازی سۆفیگەری موسڵماندا. ئەستەنبول- پاریس: ISIS 1990, 361-370.

23. هیر، نیکۆلاس، مرواری بەنرخ: الجامع للدوره الفخریه پێکەوە لەگەڵ تیشکدارکردنی ئەو و تێبینیەکانی عبدالغفور اللاری. ئەلبانی، نیورك، سەنی پرێس، 1979.

24. حورانی، ئەلبێرت H. "مەولانا خالید و رێبازی نەقشبەندی" لە S.M. ستێرن، A.H. حۆرانی و V. براون (محرران)، فەلسەفەی ئیسلامی نەریتی کلاسیکی. ئۆکسفۆرد: برونۆ کاسیرەر، 1972.

25. ئیبراهیمی، مەلا سەعید، " ژنانی بەناوبانگی کورد...ابنولحسیب" گۆڤاری سروە (ورمێ)، ژمارە 20(1988/1366)، 38- 37.

26. جۆنز، ئەنتۆنی H.، لێدوانێ پێشکەشە بە گیانی پێغەمبەر. کانبیرا: زانکۆی نیشتمانی ئوسترالیا، 1965.

27. جۆنز، ئەنتۆنی H.، "هاوڕێیان لە شادمانیدا: ابراهیم الکورانی و عبدالرئوف السنغەلی" لە یودن، (محرر) زنجیرە وتارێك پێشکەش کراوە بە Sutan Takdir Alisjahbana. جاکارتا: دیان راکیات 1978, 469-485.

28. کەحالە، عومەر رەزا، معجم المعالیفین: تراجم موسنفین الکوتب الاربیە. 15 بەرگ، دیمەشق، 1957-61.

29. خالیدی، یوسف، زانای پایەدار کەلیمەنتان شێخ محەمەد ئەرشەد ئەلبەنجاری 1122-1227 H / 1710-1812 م. سورابایا: الاحسان، 1968.

30. الخانی، عبدالمجید، الحدائق الوردیه فی حقائق اجلا النقشبندیه، القاهره، 1888-9/1306.

31. مەردۆخی رۆحانی، بابه، تأریخی مەشاهیری کورد، 2 بەرگ. تهران: سروش، 1985/1364.

32. مینۆرسکی، ڤ.، "گۆران"، بڵاوکراوەی قوتابخانەی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی و ئەفریقا 11 (1943)، 103-75.

33. مۆنتیل، ڤینسنت، ئندۆنیسیا. پاریس، 1970.

34. المدرس، عبدالکریم محمد، یادی مەردان: مەولانا خالید نەقشبەندی. بەغداد، 1979.

35. المدرس، عبدالکریم محمد، علماءنا فی خدمه العلم و الدین. بغداد، 1983.

36. المرادی، ڤ. خلیل، حریر الدرر فی اعیان القرن الثانی عشر. 4 مجلدات. بولاق، 1883/1301.

37. OCHSENWALD, W.، ئایین، کۆمەڵگا ودەوڵەت لای عەرەب: حیجاز لەژێر فەرمانی عوسمانیدا، 1840- 1908. کۆلەمبوس، زانکۆی ویلایەتی ئۆهایۆ پرێس، 1984.

38. رادتکه بیرند، " لێکۆڵینەوە لەبارەی  کتاب رماح حزب الرحیم- ی الحاج عمر"، سودانی ئەفریقا 6، 019959، 73- 113.

39. رایکلیف، میرل، " شەش سەدەی ئیسلامی لە جاڤا" لە نەھەمیا لەڤتزیۆن (محرر) بوون بە ئیسلام . نیویورك: هۆڵمز و مایر، ساڵی 1979.

40. رینکەس، D.A.، عبدالرئوف سنغەل: هاوبەشییەك لە زانستی سۆفیگەریدا لە سومتەرە و جاڤا. نامەی دوکتۆرا دیس، لیدن، 1909.

41. ریزڤی، سید اطهر عباس، مێژووی سۆفیگەری لە هیند، بەرگی دووەم، نیو دەلهی: مونشیرام مانۆهالال. 1983.

42. سنوك هورگرۆنجە، C.، مەكە، بەرگی دووەم : ژیانی رۆژانە. هاگ: مارتینوس نیهوف 1889.

43. تەوەكولی، محەمەد رەئوف، تأریخ تصوف در کوردستان، تهران: انتشاراتی اشراقی، 1980.

44. ڤۆڵ، جۆن ۆ.، : محمد حییە السندی و محمد ابن عبد الوهاب: شیکردنەوەی کۆمەڵە روناکبیرێك لە مەدینە لە سەدەی هەژدەیەمدا"، بلاوکراوەی قوتابخانەی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی و ئەفریقا 38 (1975)، 32- 39.

45. VOORHOEVE, P. “Van en over Nuruddin ar-Raniri”, Bijdragen tot de Taal-, Land- en Volkenkunde 107 (1951), 353-368.

46. ڤریدنبریخت، یاقوب، " دەبوس لە رۆژئاوای جاڤا"، هاوبەشی لە وڵات و زمان و مرۆڤناسی 129 (1973)، 302- 320.

47. والش، J.R. " گۆرانی، شەرەف الدین"، ئینسكلۆپیدیای ئیسلامی، بەرگی نوێ.

48. یاڵدز، شەکیب، مەلا گۆرانی، Fatih'in hocası Molla Güranî ve tefsiri. İstanbul: Sahhaflar Kitap Sarayı, n.d.

49. زەمزەم، زافری، شێخ محمد ارشد البنجاری: ulama besar juru da'wah. 2nd ed. Banjarmasin: Karya, 1979.

له راستیدا کاتی ئەم وتارەم خوێندەوە، هەستمکرد ئەو سۆزە تایبەتییەی مارتن ڤان برویینەسن بەرامبەر میللەتی کورد هەیەتی، شایانی ریز و خۆشەویستیە و وشە بە وشەی بابەت و بۆچوونەکانی دەتزخێندری، چونکە بە دڵنیاییەوە بابەتە مێژووییەکانی مارتن لەبارەی هەر لایەنێکی میللەتی کوردەوە، تەواو لە ئەرکی سەرشان زیاتری پێوەی ماندو بووە، بگرە لە زۆر بوار و لایەنەوە پێنوسی کورد کەم تا زۆر نەچوتە گورەپانی ئەوا پر ئەوەز و بە برشتەوە.



ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی
لەسەر ئەرکی د. ئەنها ڕەسوڵ چاپکراوە
2016